له بڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# چل

# فەرمووده‌كه‌ی نه‌وه‌وی

(الأربعون النووية)

للإمام مُحيي الدين النووي الشافعي رحمه الله ( ٦٣١ ـ ٦٧٦ هـ )

وه‌رگێڕانی

محمد عبد الرحمن لطيف

وتـارخوێنی مزگەوتی ( شێخ إبراهيم ) / كەلار

---

**ماڵپەری بەهەشت**

**ba8.org**

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## * پێشەكی وەرگێڕ :

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدَاً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ [آل عمران] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ [النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ [الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ ، وَخَيْرَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا ، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

خوێنەری بەڕێز : ئەم کتێبەی بەردەستت :

ــ یەکێکە لە گرنگترین و بەسوودترین کتێبەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی تاکی موسڵمان ..

- وە یەکەمین کتێبە کە لە لایەن زانایان و قوتابیانی عیلمی شەرعی ئەهلی سوننە و جەماعەوە بە دەرس دەوترێتەوە لە بواری فەرموودە و بە مەبەستی ئاشناکردنی تاکی موسڵمان بە بنەماکانی ئیسلام و پەروەردەکردن و پێگەیاندنیان لەسەر ئەو بنەمایانە .

ــ وە یەکێکە لەو کتێبە ڕەسەن و نایاب و دەگمەن و ناوازە و پڕسوودانەی

کە زانایانی ئیسلام بایەخێکی زۆری کەم وێنەیان پێداوە بە شەرح کردنی و لێکدانەوەی و نزیك کردنەوەی واتا و مەبەستی دەقەکانی لە خوێنەری موسڵمان .

ــ هەروەها یەکێکە لەو کتێبە پڕسوودانەی کە (وَضَعَ اللَّهُ لَهُ الْقَبُولَ فِي الأَرْضِ) .

**هەموو ئەمانەش دەگەڕێنەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی :**

١ ـ گرنگی و بایەخ و پڕسوودی خوودی كتێبەكە و بابەتەكانی .

٢ ـ ئیخلاص و نیاز و مەبەست پاك و چاكی دانەرەكەی زانای بەناوباگ (مُحْيِي الدِّين النَّوَوِي / ٦٣١ - ٦٧٦ هـ) ڕەحمەتی خوای لێبێت .

وە سوپاس بۆ خوای پەروەردگارم دەیان جار ئەم كتێبەم بە دەرس وتوەتەوە بە موسڵمانانی شارەكەم .. وە هەر لە مێژەوە خولیای وەرگێڕانی بووم بۆ سەر زمانی كوردی گەلەكەم بۆ ئەوەی سوودی زیاتر بە تێكڕای برا و خوشكەكانم بگەیەنم ـ بە تایبەت قوتابیانی عیلم ـ لە هەموو شوێنەكانی تری ئەم كوردستانە : (لِتَزْدَادَ بِهَا النَّفْعُ وتَعُمَّ الفَائِدَةُ) .

* **تێبینــیـەك** : مـن لێـرەدا تـەنها (چـل فەرموودەكـەم) هێنـاوە و وەرمگێڕاوە و لە پەراوێزی هەموو فەرموودەیەكیشدا سەرچاوە و حوكمەكەیم نووسـیوە .. وە إنْ شاء الله لـە داهاتوویشـدا بـە یارمـەتی خـوای گـەورە شەرحێكی پوخت و تێروتەسەلی لەسەر دەنووسم .

والله حَسْبِي .. عَلَيْهِ أَتَوَكَّلُ .. وَإِلَيْهِ أَتُوْبُ وَأُنِيب

**وەرگێڕ**

**محمد عبد الرحمن لطيف**

**٢٧ / ربيع الأول / ١٤٣٣ ك ـ ١٩ / ٢ / ٢٠١٢ ز**

**كوردستان / كەلار**

## الإجازة برواية هذا الكتاب

## من مُترجِمه إلى اللغة الكردية عن شيخه :

الشيخ صالح بن عبد الله بن حمد العُصيمي حفظه الله

## ( طبقةُ السَّماع )

قَالَ شَيْخُنَا الفَاضِلُ الكَرِيْمُ العَالِمُ الجَلِيلُ الشَّيْخُ صَالِحُ بْنُ عَبْدِ اللهِ بْنِ حَمَدٍ العُصَيْمِيُّ حفظه الله :

(سَمِعَ عَلَيَّ جَمِيْعَ «الأَرْبَعِينَ النَّوَوِيَّة» بِقِرَاءَةِ غَيْرِهِ صَاحِبُنَا «مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ لَطِيفٍ بْنِ سُلَيمَانَ الكُرْدِيُّ العِرَاقِيُّ» ، فَتَمَّ لَهُ ذَلِكَ فِي ثَلَاثَةِ مَجَالِسَ بِالمِيْعَادِ.

وَأَجَزْتُ لَهُ رِوَايَتَهُ عَنِّي إِجَازَةً خَاصَّةً مِنْ مُعَيَّنٍ لِمُعَيَّنٍ فِي مُعَيَّنٍ ، بِمَا يَصِحُّ لِي مِنْ إِسْنَادٍ فِيْهِ ، وَمِنْهُ : (مَا أَخْبَرَنِي بِهِ عُبيدُ الله بنُ عبد الرحمن بنِ محمدِ يعقوب السَّلفيُّ المعروف بأبي الحَسن الكَشميريّ ـ قراءةً عليه ـ ، قال : أخبرنا أبي ـ قراءةً بعضَهُ وإجازةً باقيَهُ لي ـ ، أخبرنا نذيرُ حسينِ بنُ جوادِ عليّ الدِّهلويُّ ـ كذلكَ ـ ، أخبرنا محمدُ إسحاقَ بنُ محمدِ أفضلَ الدِّهلويُّ ـ كذلكَ ـ ، أخبرنا عبدُ العزيز بنُ أحمدَ بنِ عبدِ الرحيمِ الدِّهلويُّ ـ كذلكَ ـ ، أخبرنا أبي ـ كذلكَ ـ ، أخبرنا أبو طاهرٍ بنُ إبراهيمَ الكُورانيُّ ـ كذلكَ ـ ، أخبرنا أحمدُ بنُ محمدٍ النَّخليُّ ـ كذلكَ ـ ، أخبرنا منصورُ بنُ عبد

الرَّزَّاق الطُّوخيُّ ـ قراءةً عليه بعضَهُ إنْ لَمْ يكن جميعَهُ ـ ، أخبرنا سلطانُ بنُ أحمدَ المَزَّاجيُّ ،

(ح) ورواهُ النَّخليُّ ـ عالياً درجةً ـ قال : أخبرنا محمدُ بنُ العلاء البابِليُّ ، قالا ـ المَزَّاجيُّ والبابِليُّ ـ : أخبرنا سالمُ بنُ محمدٍ السَّنهوريُّ ، أخبرنا محمدُ بنُ أحمدَ الغَيطيُّ ، أخبرنا زكريَّا بنُ محمدٍ الأنصاريُّ ، أخبرنا إبراهيمُ بنُ صدقةَ الصَّالحيُّ ، أخبرنا محمدُ بنُ الرَّقَّاءُ ، أخبرنا سليمانُ بنُ سالم الغَزِّيُّ ، وأحمدُ بنُ يوسف الخِلاطيُّ ، أخبرنا عليُّ بنُ إبراهيمَ العطَّار ،

(ح) وقال الرَّقَّاءُ : أخبرنا الحسينُ بنُ عبد العزيز اللَّخْمِيُّ ، أخبرنا سليمانُ بنُ عمرَ الزُّرعيُّ ، قالا ـ العطَّارُ والزُّرعيُّ ـ : أخبرنا المصنِّف رحمه الله به .

(ح) ورواهُ إبراهيمُ بنُ صدقةَ ـ عالياً درجةً ـ عن أبي إسحاقَ إبراهيمَ التَّنُوخِيِّ ، عن عليِّ بنِ إبراهيمَ العطَّار به) ، وَالحَمْدُ للهِ رَبِّ العَالَمِيْنَ .

صَحِيْحُ ذَلِكَ

وَكَتَبَهُ صَالِحُ بْنُ عَبْدِ اللهِ بْنِ حَمَدٍ العُصَيْمِيُّ

يَوْمِ الأَرْبِعَاءِ الرَّابِعِ مِنْ شَهْرِ جُمَادَى الأُولَى سَنَةَ ١٤٣٨

فِي المَسْجِدِ النَّبوي بِمَدِيْنَةِ الرَّسُولِ ﷺ ) .

# الإجازة برواية هذا الكتاب

## من مُترجِمه إلى اللغة الكردية عن شيخه :

الشيخ ضياء الدين بن عبد الله بن محمد الصالح البغدادي حفظه الله

## (طبقةُ السَّماع)

وأخبرنا شيخنا **الشيخ ضياء الدين بن عبد الله بن محمد الصالح البغدادي** أكرمه الله تعالى بمحلة الششة في مدينة مكة المكرمة يوم السبت الثامن عشر من شهر ذي الحجة سنة (١٤٣٣) بأحاديث كتاب **(الأربعين النووية)** للإمام المُحدِّث مُحيي الدين النووي المتوفى سنة (٦٧٦) ـ قراءةً بعضَهُ عليه وإجازةً باقيَهُ لي ـ وأجازني بروايته عنه ، مِمَّا أجازه به شيخُهُ المُحدِّث السيد صُبحي بن السيد جاسم بن السيد حميد البدري الحسيني السامرائي في سنة (١٤١٦) ببغداد دار السلام ، مِمَّا أجازه به شيخه مُحدِّث الديار المصرية سيدي محمد بن عبد اللطيف بن سالم الحُسيني الحَسني التيجاني بالقاهرة (ت ١٣٩٨ هـ) مِمَّا قرأه عليه في زوايته في المغربلين ، وهو يروي **(الأربعين النووية)** وجميع مؤلفات الإمام النووي عن شيخ دار الحديث ومُحدِّث الجامع الأُموي السيد بدر الدين الحَسني الدمشقي ، وهو يروي عن الشيخ البرهان إبراهيم السقا ، عن الأمير

محمد بن محمد بن أحمد السنباوي الأزهري المالكي ، عن الشيخ العلامَّة نور الدين أبي الحسن علي بن أحمد الصعيدي العدوي المالكي ، عن الشيخ حسن بن علي العجمي ، عن محمد علاء الدين البابلي ، عن أبي النجا سالم السنهوري ، عن النجم محمد الغيطي ، عن شيخ الإسلام زكريا الأنصاري ، قال : قرأتها على أبي إسحاق الشروطي ، عن محمد بن أحمد الرفاعي ، عن أبي الربيع سُليمان بن سالم المقرئ ، عن أبي الحسن علي بن إبراهيم بن دواد العطَّار عن الإمام مُحي الدين بن شرف الدين النووي رحمه الله تعالى .

وقال شيخنا **ضياء الدين البغدادي** : ويرويها شيخنا صُبحي السامرائي وسائر كتب النووي عن شيخه المُحدِّث محمد الشاذلي النفير عن أبيه العلامَّة الفقيه محمد الصادق النفير (ت ١٣٥٦ هـ) ، عن العلامَّة المُحدِّث أبي حفص سيدي عمر بن الشيخ مُفتي الديار التونسية ، عن الشاذلي بن صالح ، عن محمد بيرم الأول ، عن الشيخ أبي العباس المكودي ، عن أحمد بن المبارك السجلماسي ، عن أبي عبد الله المنساوي الدلائي ، عن أبي عبد الله محمد بن عبد القادر الفاسي وأبي مروان عبد المالك بن محمد التجموعتي قاضي سجلماسة (ت ١١١٨ هـ) وأبي العباس أحمد بن إبراهيم العطار المراكشي ثلاثتهم عن الشيخ عبد القادر الفاسي ، عن عبد الرحمن بن محمد بن زيد الفاسي ، عن والدِهِ ، عن محمد بن القاسم القصار وأبي المحاسن يوسف بن محمد الفاسي كلاهما عن جار الله الرحلة أبي عبد الله بن

أبي الفضل خروف التونسي ، عن أبي محمد عبد الرحمن بن علي سقين العاصمي (ت ٩٥٦ هـ) ، عن أبي العباس شهاد الدين القلقشندي (ت ٨٢١ هـ) والحافظ شمس الدين السخاوي (ت ٩٠٢ هـ) وشيخ الإسلام أبو يحيى زكريا الأنصاري (ت ٩٢٦ هـ) ، ثلاثتهم عن الحافظ ابن حجر العسقلاني ، والقلقشندي ووالدهُ علي وجدهُ أحمد كلهم عن أبي إسحاق إبراهيم البعلي ، عن البدر ابن جماعة وأبي الحسن العطار والشمس ابن القماح وعلي بن أيوب المقدسي وإبراهيم بن علوان ، وقال الحافظ ابن حجر : أنا أبو إسحاق التنوخي عن علي بن أيوب المقدسي وعلي بن إبراهيم بن دواد العطَّار كلاهما عن النووي ، (ح) وابن حجر عن أبي هريرة ابن الحافظ الذهبي عن العطار عن الإمام النووي وسائر مصنفاته .

وقال القلقشندي : أخبرني علي بن محمد البشير والزين المقدسي والعباسي والشيخ الواسطي وعائشة وفاطمة الكنانيتان إجازةً بالأذكار وبجميع الأربعين وبسائر كتب النووي .

❁ ❁ ❁

# فەرموودەی یەکەم

## کردەوەکان بە نیازەوە (نیەتەوە) ئەنجامدەدرێن

١ ـ عَنْ أَمِيرِ الْمُؤْمِنِينَ أَبِي حَفْصٍ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ : **((إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى ، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ، فَهِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ، وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا أَوْ امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ))**[١].

**واتە : بەڕاستی هەموو کردەوەکان بە نیازەوە (نیەتەوە) ئەنجامدەدرێن ، وە بەدڵنیایی هەموو کەسێك تەنها ئەوەی دەست دەکەوێت کە نیازی بووە ، جا هەرکەسێك کۆچکردنەکەی بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی بێت ئەوا کۆچکردنەکەی لای خوا و پێغەمبەرەکەی وەرگیراو دەبێت ، وە هەرکەسێك کۆچکردنەکەی بۆ دونیا بێت دەستی کەوێت یان بۆ ئافرەتێك بێت مارەی بکات ئەوا کۆچکردنەکەی بۆ ئەوە بووە کە کۆچی بۆ کردووە .**

---

[١] صحيح البخاري رقم : (١) و (٥٤) وصحيح مسلم رقم : (٤٩٠٤) .

**تێبینی** : بۆ زانیاریت ئەم فەرموودەیە یەکەم فەرموودەیە کە لە کتێبی (صحيح البخاري)دا هاتووە .

## فەرموودەی دووەم

## روونکردنەوەی ئیسلام و ئیمان و ئیحسان

٢ ـ عَنْ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَيْضاً قَالَ : بَيْنَمَا نَحْنُ جُلُوسٌ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ذَاتَ يَوْمٍ إِذْ طَلَعَ عَلَيْنَا رَجُلٌ شَدِيدُ بَيَاضِ الثِّيَابِ ، شَدِيدُ سَوَادِ الشَّعَرِ ، لاَ يُرَى عَلَيْهِ أَثَرُ السَّفَرِ ، وَلاَ يَعْرِفُهُ مِنَّا أَحَدٌ ، حَتَّى جَلَسَ إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ، فَأَسْنَدَ رُكْبَتَيْهِ إِلَى رُكْبَتَيْهِ ، وَوَضَعَ كَفَّيْهِ عَلَى فَخِذَيْهِ ، وَقَالَ : يَا مُحَمَّدُ أَخْبِرْنِي عَنِ الإِسْلاَمِ .

فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) : ((الإِسْلاَمُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لا إِلَهَ إلاّ اللهُ ، وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ ، وَتُقِيمَ الصَلاَةَ ، وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ ، وَتَصُومَ رَمَضَانَ ، وَتَحُجَّ الْبَيْتَ إِنِ اسْتَطَعْتَ إِلَيْهِ سَبِيلا .

قَالَ : صَدَقْتَ .

فَعَجِبْنَا لَهُ ، يَسْأَلُهُ وَيُصَدِّقُهُ !

قَالَ : فَأَخْبِرْنِي عَنِ الإِيمَانِ .

قَالَ : أنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ ، وَمَلائِكَتِهِ ، وَكُتُبِهِ ، وَرُسُلِهِ ، وَاليَوْمِ الآخِرِ ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ .

قَالَ : صَدَقْتَ .

قَالَ : فَأَخْبِرْنِي عَنِ الإِحْسَانِ .

قَالَ : أنْ تَعْبُدَ اللهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاك .

قَالَ : فَأَخْبِرْنِي عَنْ السَّاعَةِ .

قَالَ : مَا الْمَسْؤُولُ عَنْهَا بِأَعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ .

قَالَ : فَأَخْبِرْنِي عَنْ أَمَارَاتِهَا .

قَالَ : أنْ تَلِدَ الأَمَةُ رَبَّتَهَا ، وَأَنْ تَرَى الْحُفَاةَ الْعُرَاةَ الْعَالَةَ رِعَاءَ الشَّاءِ يَتَطَاوَلُونَ فِي الْبُنْيَانِ .

ثُمَّ انْطَلَقَ ، فَلَبِثْتُ مَلِيًّا .

ثُمَّ قَالَ : يَا عُمَرُ أَتَدْرِي مَنِ السَّائِلُ ؟

قُلْتُ : اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَم .

قَالَ : فَإِنَّهُ جِبْرِيلُ أَتَاكُمْ يُعَلِّمُكُمْ دِينَكُمْ))[٢].

واته : له (عومەر)ەوه (رضي الله عنه) فەرموویەتی :

له کاتێکدا که ئێمه دانیشتبووین له لای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) له ناکاودا پیاوێکی جل و بەرگ زۆر سپی و موو زۆر ڕەش دەرکەوت بۆمان ، شوێنەواری سەفەر کردنی پێوە نە دەبینرا ، وه کەسیش له ئێمه نەیدەناسی ، تاوەکو له لای پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) دانیشت ، جا هەردوو ئەژنۆی دایه پاڵ هەردوو ئەژنۆی پێغەمبەرەوه ، وه هەردوو لەپی خسته سەر هەردوو ڕانییەوه ، ئەنجا وتی :

ئەی (مُحَمَّد) هەواڵم بدەرێ سەبارەت به ئیسلام .

پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : ئیسلام بریتی‌یه لەوەی که شایەتی بدەیت بەوەی که هیچ پەرستراوێك نی‌یه شایستەی پەرستن بێت جگه له خوا ، وه بەڕاستی (مُحَمَّد صلى الله عليه وسلم) پێغەمبەری خوایه و نوێژه فەرزەکان بەڕێك و پێکی بکەیت و زەکات بدەیت و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگریت و حەجی ماڵی خوای گەوره ئەنجام بدەیت ئەگەر توانات هەبوو .

---

[٢] صحيح مسلم رقم : (١) .

**تێبینی** : بۆ زانیاریت ئەم فەرموودەیه یەکەم فەرموودەیه که له کتێبی (صحيح مسلم)دا هاتووه .

وتی : ڕاستت کرد .

ئێمەش سەرمان سوڕما لەوەی کە پرسیاری لێدەکات و کەچی بەڕاستیشی دەخاتەوە !

وتی : هەواڵم بدەرێ سەبارەت بە ئیمان .

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : ئیمان بریتی‌یە لەوەی کە باوەڕ بێنیت بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی ، وە باوەڕ بێنیت بە قەدەر خێر و شەڕی .

وتی : ڕاستت کرد .

وتی : هەواڵم بدەرێ سەبارەت بە چاکەکاری .

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : چاکەکاری بریتی‌یە لەوەی کە خوا بپەرستیت وەکو ئەوەی کە بیبینیت ، وە ئەگەر تۆ خوا نەبینیت ئەوا ئەو تۆ دەبینێت .

وتی : هەواڵم بدەرێ سەبارەت بە کاتی هاتنی ڕۆژی دوایی .

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : پرسیارلێکراو زاناتر نی‌یە لە پرسیارکار .

وتی : کەواتە هەواڵم بدەرێ سەبارەت بە نیشانەکانی .

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : کەنیزەك خاوەن و سەروەرەکەی خۆیی لێدەبێت ، وە دەبینیت کەسانێکی پێ پەتی (الْحُفَاةَ) و ڕەش و ڕوت (الْعُرَاةَ) و هەژار و نەدار (الْعَالَةَ) و شوانی مەڕ و مالأت (رِعاءَ الشَّاء) بینایەی بەرز دروست دەکەن .

ئەنجا پیاوەکە ڕۆیشت و منیش ماوەیەك چاوەڕێم کرد .

ئەنجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ئەی عومەر ئایا دەزانیت ئەوەی کە پرسیاری کرد کێ بوو ؟

وتم : خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن .

فەرمووی : ئەوە (جِبْرِيل) بوو هات بۆ لاتان بۆ ئەوەی ئاینەکەی ئێوەتان فێر بکات .

## فەرموودەی سێیەم
## پایەكانی ئیسلام

٣ ـ عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ بْنِ الْـخَطَّابِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُما) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : ((**بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ : شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ ، وَإِقَامِ الصَّلاَةِ ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ ، وَحَجِّ الْبَيْتِ ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ**))[٣].

واتە : ئیسلام بنیات نراوە لەسەر پێنج پایە : شایەتیدان بەوەی كەوا هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا و بەڕاستی (مُحَمَّد ﷺ)یش پێغەمبەری خوایە ، وە ئەنجامدانی نوێژ ، وە زەكاتدان ، وە حەج كردنی ماڵی خوا ، وە ڕۆژووی ڕەمەزان .

---

[٣] صحيح البخاري رقم : (٨) وصحيح مسلم رقم : (١١٣) .

## فەرموودەی چوارەم

## کردەوەکان بە پێی دواینەکانیەتی

٤ ـ عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ : حَدَّثَنَا رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) وَهُوَ الصَّادِقُ الْمَصْدُوقُ : ((**إِنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ فِي بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمَاً نُطْفَةً ، ثُمَّ يَكُونُ عَلَقَةً مِثْلَ ذَلِكَ ، ثُمَّ يَكُونُ مُضْغَةً مِثْلَ ذَلِكَ ، ثُمَّ يُرْسَلُ إِلَيْهِ الْمَلَكُ فَيَنْفُخُ فِيهِ الرُّوحَ وَيُؤْمَرُ بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ : بِكَتْبِ رِزْقِهِ وَأَجَلِهِ وَعَمَلِهِ وَشَقِيٌّ أَوْ سَعِيدٌ .**

**فَوَاللَّهِ الَّذِي لاَ إِلَهَ غَيْرُهُ إِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ حَتَّى مَا يَكُونَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلاَّ ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ فَيَدْخُلُهَا ، وَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ حَتَّى مَا يَكُونَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلاَّ ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَيَدْخُلُهَا**))[٤] .

---

[٤] صحيح البخاري رقم : (٣٢٠٨) وصحيح مسلم رقم : (٦٦٦٥) .

(الصَّادِقُ الْمَصْدُوقُ) واتە : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕاستگۆیە و ئەوەش کە هەواڵی پێدەدات ڕاستە یان بە ڕاستخراوەیە لەوەی کە خوا بەڵێنی پێیداوە .

واتە : بەڕاستی هەریەکێکتان ئەوەی کە لـێی دروست دەبێت

چـل رۆژ کۆدەکرێتەوە لە سکی دایکیدا (نُطْفَةَ)یە* ، ئەنجا دەبێتە (عَلَقَـةً)** بـە وێنـەی ئـەوە ، ئـەنجا دەبێتـە (مُضْـغَةً)*** بـە وێنـەی ئـەوە ، ئـەنجا فریشـتـەیەکی بـۆ دەنرێردرێـت و گیـانی (رۆحـی) تێدەکـات و فـەرمانی پێدەکرێـت بـە چـوار وتـە : بـە نووسـینی ریزقەکـەی و مـاوەی تەمـەنی و کردەوەکەیی و بەدبەخت دەبێت یان بەختەوەر .

وە سوێند بەو خوایەی کە هـیچ پەرسـتراوێك نـیـە شایسـتەی پەرسـتن بێت جگە لە ئەو نەبێت : بەڕاستی یەکێکتان کـردەوە دەکـات بـە کـردەوەی خەڵکی بەهەشت تاوەکو ئەوەندەی کە لە نێوان ئەم و ئەودایـە تـەنها باڵێکـە نوسراوەکەیی لـێدێتە پێش و کردەوە دەکات بـە کـردەوەی خـەڵکی ئـاگر و دەچێتە ناویەوەوە ، وە بەڕاسـتی یـەکێکتان کـردەوە دەکـات بـە کـردەوەی خەڵکی ئاگر تـاوەکو ئەوەنـدەی کـە لـە نێـوان ئـەم و ئەودایـە تـەنها باڵێکـە

---

* (نُطْفَة) ئاوی پیاو و ئاوی ژن ، واتە : لە چل رۆژی یەکەمدا ئاوی هەردووکیانە .

** (عَلَقَة) خوێنی هەڵواستراو بە منداڵدان ، واتە : لە چل رۆژی دووەمدا دەبێتە ئەمە .

*** (مُضْغَة) پارچە گۆشتێك بە ئەندازەی ئەوەی کە بجاورێت ، واتە : لە چل رۆژی سێیەمدا دەبێتـە ئەمە .

نوسراوەکەیی لـێدێتە پێش و کردەوە دەکات بە کردەوەی خەڵکی بەهەشت و دەچێتە ناویەوەوە .

## فەرموودەی پێنجەم
## پوچەڵکردنەوەی خراپەکان و بیدعەکان

٥ ـ عَنْ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ أُمِّ عَبْدِ اللَّهِ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) : **((مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ))**[٥] .

وفي رواية لِمُسْلِمٍ : **((مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ))***.

واتە : هەرکەسێك شتێك دابهێنێت لەم دینەماندا کە تێیدا نەبێت ئەوا ڕەد دەکرێتەوە .

وە لە ریوایەتەکەی (مُسْلِم)دا :

هەرکەسێك هەر کردەوەیەك ئەنجامبدات کە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا ڕەد دەکرێتەوە .

---

[٥] صحیح البخاري رقم : (٢٦٩٧) وصحیح مسلم رقم : (٤٤٦٧) .

* صحیح مسلم رقم : (٤٤٦٨) .

## فەرموودەی شەشەم

## حەڵاڵ روونە و حەرامیش روونە

٦ ـ عَنْ أَبِي عَبْدِ اللَّهِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُما) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : **((إِنَّ الْحلاَلَ بَيِّنٌ ، وَإِنَّ الْحَرَامَ بَيِّنٌ ، وَبَيْنَهُمَا أُمُورٌ مُشْتَبِهَاتٌ لاَ يَعْلَمُهُنَّ كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ ، فَمَنِ اتَّقَى الشُّبُهَاتِ فَقَدِ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ وَعِرْضِهِ ، وَمَنْ وَقَعَ فِي الشُّبُهَاتِ وَقَعَ فِي الْحَرَامِ ، كَالرَّاعِي يَرْعَى حَوْلَ الْحِمَى يُوشِكُ أَنْ يَرْتَعَ فِيهِ ، أَلاَ وَإِنَّ لِكُلِّ مَلِكٍ حِمًى ، أَلاَ وَإِنَّ حِمَى اللَّهِ مَحَارِمُهُ ، أَلاَ وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً ، إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ أَلاَ وَهِيَ الْقَلْبُ))**[٦].

واتە : بەڕاستی حەڵاڵ دیار و روونە و حەرامیش دیار و روونە ، وە لە نێوانیانیشدا شتانێکی نادیار و گومان لێکراو هەیە کە زۆربەی خەڵك نایانزانن ، جا هەرکەسێك خۆپارێزی بکات لە شتە ناروون و گومان لێکراوەکان ئەوا دین و سومعەتی خۆیی پاراستووە ، وە هەرکەسێکیش بکەوێتە ناو شتە ناروون و گومان لێکراوەکانەوە ئەوا کەوتووەتە ناو

[٦] صحيح البخاري رقم : (٥٢) وصحيح مسلم رقم : (٤٠٧٣) .

حەرامەوە ، وەکو شوانێك کە ڕانەکەی بە چواردەوری شوێنێکی پارێزراو (قەدەغەکراو)دا بلەوەڕێنێت کە نزیکە بچێتە ناویەوە ، بزانە کە بەڕاستی هەموو پادشایەك شوێنی پارێزراو (قەدەغەکراو)ی هەیە ، وە بزانە کە بەڕاستی شتە پارێزراوەکانی خوا حەرام و قەدەغەکراوەکانێتی ، بزانە کە بەڕاستی لە ناو لەشدا پارچە گۆشتێك هەیە بە ئەندازەی ئەوەی کە بجاوڕێت ، ئەگەر ئەو پارچە گۆشتە چاك بێت ئەوا هەموو لەش چاك دەبێت ، وە ئەگەر خراپیش بێت ئەوا هەموو لەش خراپ دەبێت بزانە کە ئەویش دڵە .

## فەرموودەی حەوتەم

## ئایین ئامۆژگاری و دڵسۆزییە

٧ ـ عَنْ أَبِي رُقَيَّةَ تَمِيمِ بْنِ أَوْسٍ الدَّارِيّ (رضي الله عنه) أَنَّ النَّبِيَّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ : **((الدِّينُ النَّصِيحَةُ ، قُلْنَا لِمَنْ ؟ قَالَ : لِلَّهِ ، وَلِكِتَابِهِ ، وَلِرَسُولِهِ ، وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ ، وَعَامَّتِهِمْ))**[٧] .

واتە : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : ئایین ئامۆژگاری و دڵسۆزییە ، وتمان بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ؟ فەرمووی : بۆ خوا و کتێبەکەی و پێغەمبەرەکەی و پێشەوایانی موسڵمانان و موسڵمانە سادەکانیش .

[٧] صحيح مسلم رقم : (١٩٤) .

## فەرموودەی هەشتەم
## حورمەتی موسڵمان

٨ ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُما) أَنَّ رَسُولَ اللّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ : ((**أُمِـرْتُ أَنْ أُقَاتِـلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللَّهِ ، وَيُقِيمُوا الصَّلاَةَ ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ ، فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلاَّ بِحَقِّ الإِسْلاَمِ ، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ تَعَالَى**))[٨].

واتە : فەرمانم پێكراوە بەوەی كە كوشتار بكەم لەگەڵ خەڵكدا تاوەكو شايەتی دەدەن بەوەی كەوا هيچ پەرستراوێك نیيە شايستەی پەرستن بێت جگە لە خوا و بەڕاستی (مُحَمَّد صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)یش پێغەمبەری خوايە ، وە نوێژە فەرزەكان بە ڕێك و پێكی بكەن ، وە زەكاتيش بدەن ، جا ئەگەر ئەوانەيان كرد ئەوا خوێن و ماڵيان پارێزراو دەبێت لە من تەنها بە مافی ئيسلام نەبێت ، وە لێپرسينەوەيان لەسەر خوايە .

---

[٨] صحيح البخاري رقم : (٢٥) وصحيح مسلم رقم : (١٢٨) .

## فەرموودەی نـۆیەم
## ئەرك خستنەسەر بە پێی توانا

٩ ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ صَخْرٍ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ : ((**مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ فَاجْتَنِبُوهُ ، وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ كَثْرَةُ مَسَائِلِهِمْ وَاخْتِلَافُهُمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ**))[٩].

واتە : ئەوەی کە ڕێگریم کردوون لـێی ئەوا خۆتانی لـێبەدووربگرن ، وە ئەوەشـی کـە فەرمانم پێکـردوون بە کردنـی ئـەوا ئەوەنـدەی بکـەن کـە لـە تواناتاندایە ، چونکە بەڕاستی ئەوانەی پـێش ئێـوە لەناوچـوون بـە هـۆی زۆر پـرسیارکردن و پێچەوانەکردنیانەوە بۆ پێغەمبەرانیان .

---

[٩] صحيح البخاري رقم : (٧٢٨٨) وصحيح مسلم رقم : (٦٠٦٦) .

## فەرموودەی دەیەم
## خۆكورهەڵهێنان لەسەر حەڵاڵی پاك

١٠ ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) : ((**إِنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ لاَ يَقْبَلُ إِلاَّ طَيِّبًا ، وَإِنَّ اللَّهَ أَمَرَ الْمُؤْمِنِينَ بِمَا أَمَرَ بِهِ الْمُرْسَلِينَ فَقَالَ تَعَالَى : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعۡمَلُواْ صَٰلِحًاۖ ۝٥١﴾** [المؤمنون] ، **وَقَالَ تَعَالَى : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ ۝١٧٢﴾** [البقرة] ، **ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ ، أَشْعَثَ أَغْبَرَ ، يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ يَا رَبِّ يَا رَبِّ ، وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ ، وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ ، وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ ، وَغُذِيَ بِالْحَرَامِ ، فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لَهُ**))(١٠).

واتە : بەڕاستی خوا پاكە و پاكیش نەبێت قەبوڵی ناكات ، وە بەڕاستی خوا فەرمانی كردووە بە ئیمانداران بەوەی كە فەرمانی كردووە بە پێغەمبەران و فەرموویەتی : ﴿ئەی پێغەمبەران لەوەی كە پاك و حەڵاڵە بخۆن و كردەوەی چاكە بكەن﴾ ، وە فەرموویەتی : ﴿ئەی ئەو كەسانەی كە باوەڕتان هێناوە بخۆن لەو رزقە پاك و حەڵاڵانەی كە بەنیسبمان كردوون﴾ ،

(١٠) صحيح مسلم رقم : (٢٣٤٣) .

ئەنجا باسی پیاوێکی کرد کە سەفەرێکی دور و درێژ دەکات و سەر و ریشی تێکچووە و تۆزاویـیە و هەردوو دەستی درێژ کردووەتەوە بۆ ئاسمان و دەڵێت : ئەی پەروەردگار ئەی پەروەردگار ، بەڵام خواردنی حەرامە و خواردنەوەشی حەرامە و پۆشاکیشی حەرامە و بە حەرامیش پەروەردەکراوە و تێرکراوە ئیتر لە کوێ و چۆن وەڵامی کەسی وا دەدرێتەوە و دوعای گیرا دەبێت ؟!

## فەرموودەی یانزەیەم
## خۆپاراستن لە گومان لێکراوەکان

١١ ـ عَنْ أَبِي مُحَمَّدٍ الْحَسَنِ بْنِ عَلِيّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ سِبْطِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَرَيْحَانَتِهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُما) قَالَ : حَفِظْتُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) : **((دَعْ مَا يَرِيبُكَ إِلَى مَا لاَ يَرِيبُكَ))**[١١].

**واتە : وازبێنە لەوەی کە گومانی لێدەکەیت بۆ ئەوەی کە گومانی لێناکەیت .**

---

[١١] صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٥١٨) وصحيح سنن النسائي رقم : (٥٧١١) .

* "سِبْطِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ" : أَيْ ابْنُ ابْنَتِهِ فَاطِمَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْها) ، **واتە : کچەزاکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .**

* "وَرَيْحَانَتِهِ" : أَيْ وَلَدِهِ الْمَحْبُوب الَّذِي كَانَ يَحِنُّ إِلَيْه وَيَسُرُّ بِهِ وَيَفْرَح ، **واتە : منداڵە خۆشەویستەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە پەرۆشی دەبوو و پێی خۆشحاڵ دەبوو .**

انظر : "التحفة الربانية في شرح الأربعين حديثا النووية" ص : (١٢) ، وتاج العروس للزبيدي : (مادة روح) .

## فەرموودەی دوانزەیەم

## وازهێنان لەوەی کە پەیوەندی بە موسڵمانەوە نییە

١٢ ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) : **((مِنْ حُسْنِ إِسْلاَمِ الْمَرْءِ تَرْكُهُ مَا لاَ يَعْنِيهِ))**[١٢].

**واتە : لە چاکێتی موسڵمانبوونی کەسێك ئەوەیە کە وازبێنێت لەوەی کە پەیوەندی بە ئەوەوە نییە .**

## فەرموودەی سیانزەیەم

## کامڵبوونی ئیمان

١٣ ـ عَنْ أَبِي حَمْزَةَ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْه) خَادِمِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) قَالَ : **((لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ))**[١٣].

**واتە : ئیمانی یەکێك لە ئێوە تەواو نییە هەتا بۆ براکەی پێی خۆش نەبێت ئەوەی کە بۆ خۆی پێی خۆشە لە خێر و چاکە .**

---

[١٢] صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٣١٧) .

[١٣] صحيح البخاري رقم : (١٣) وصحيح مسلم رقم : (١٦٨) .

## فەرموودەی چواردەیەم
## حورمەتی خوێنی موسڵمان و هۆکارەکانی لەدەستدانی

١٤ ـ عَنْ ابْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : **((لاَ يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ إلاَّ بِإِحْدَى ثَلاَثٍ : الثَّيِّبُ الزَّانِي ، وَالنَّفْسُ بِالنَّفْسِ ، وَالتَّارِكُ لِدِينِهِ الْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ))**[١٤].

واتە : خوێنی هیچ کەسێکی موسڵمان حەڵاڵ نییە تەنها بە یەکێك لەم سیانە نەبێت : خێزانداری داوێن پیس ، وە کەسێك بە کەسێك ، وە وازهێنەر لە دینەکەی جیاوەبوو لە کۆمەڵی موسڵمانان .

## فەرموودەی پانزەیەم
## چەند ڕەوشتێکی موسڵمانانە

١٥ . عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ : **((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرَاً أَوْ لِيَصْمُتْ ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَومِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ جَارَهُ ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ))**[١٥].

---

[١٤] صحيح البخاري رقم : (٦٨٧٨) وصحيح مسلم رقم : (٤٣٥١) .

واتە :

١ ـ هەرکەسێك باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە ئەوا با یان قسەی چاك بکات یان با بێ دەنگ بێت .

٢ ـ وە هەرکەسێك باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە ئەوا با ڕێز لە دراوسێکەی بگرێت .

٣ ـ وە هەرکەسێك باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە ئەوا با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت .

## فەرموودەی شانزەیەم

## ڕێگرتن لە تووڕەیی

١٦ ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَجُلاً قَالَ لِلنَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) : أَوْصِنِي ، قَالَ : ((**لاَ تَغْضَبْ**)) ، فَرَدَّدَ مِرَارَاً ، قَالَ : ((**لاَ تَغْضَبْ**))[١٦].

---

[١٥] صحيح البخاري رقم : (٦٤٧٥) و (٦٠١٩) وصحيح مسلم رقم : (١٧١) .

[١٦] صحيح البخاري رقم : (٦١١٦) .

واتە : پیاوێك وتی بە پێغەمبەر (ﷺ) : ئامۆژگاریم بـــکە ، فـەرمووی : تووڕە مەبە ، چەند جارێکی تر وتی : ئامۆژگاریم بـــکە ، فـەرمووی : تـووڕە مەبە .

## فەرموودەی حەڤدەیەم
## فەرمان کردن بە چاکێتی سەربڕین و کوشتن

١٧ ـ عَنْ أَبِي يَعْلَى شَدَّادِ بْنِ أَوْسٍ (رضي الله عنه) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((**إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ الإِحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ : فَإِذَا قَتَلْتُمْ فَأَحْسِنُوا الْقِتْلَةَ ، وَإِذَا ذَبَحْتُمْ فَأَحْسِنُوا الذِّبْحَةَ ، وَلْيُحِدَّ أَحَدُكُمْ شَفْرَتَهُ وَلْيُرِحْ ذَبِيحَتَهُ**))(١٧).

واتە : خوای گەورە چاکەکاری لەسەر هەموو شتێك واجب کـردووە ، جا ئەگەر شتێکتان کوشت ئەوا چاك بیکوژن ، وە ئەگەر شتێکتان سەربڕی ئـەوا چـاك سەریـــببڕن ، وە بـا یـەکێك لـە ئێـوە چـەقۆکەی تیـژ بکـات ، وە سەربڕاوەکەی نەجات بدات بۆ ئەوەی پشو بدات .

---

(١٧) صحيح مسلم رقم : (٥٠٢٨) .

## فەرموودەی هەژدەیەم

## ڕەوشت جوانی

١٨ ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ جُنْدَبِ بْنِ جُنَادَةَ وَأَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ (رضي الله عنهما) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ : ((**اتَّقِ اللَّهَ حَيْثُمَا كُنْتَ ، وَأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا ، وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ**))[١٨] .

**واتە : لە خوا بترسە و خۆپارێزی بکە لە تاوان لە هەر کوێیەك هەبیت ، وە بە دوای تاوان و خراپەدا خێر و چاکەیەك بکە بۆ ئەوەی بیسڕێتەوە ، وە هەڵسوکەوت بکە لەگەڵ خەڵکدا بە ڕەوشتی چاك و جوان .**

[١٨] صحيح سنن الترمذي رقم : (٣٥٥) .

## فەرموودەی نۆزدەیەم
## سنورەکانی شەرعی خوا بپارێزە خواش تۆ دەپارێزێت

١٩ ـ عَنِ أَبِي الْعَبَّاسِ عَبْدِ اللَّهِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُما) قَالَ : كُنْتُ خَلْفَ النَّبِيِّ (ﷺ) يَوْماً فَقَالَ : ((**يَا غُلاَمُ إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ : احْفَظِ اللَّهَ يَحْفَظْكَ ، احْفَظِ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ ، إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللَّهَ ، وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ ، وَاعْلَمْ أَنَّ الأُمَّةَ لَوِ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ ، وَلَوِ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ ، رُفِعَتِ الأَقْلاَمُ وَجَفَّتِ الصُّحُفُ**))[١٩] .

وفي رواية غير الترمذي : ((**احْفَظِ اللَّهَ تَجِدْهُ أَمَامَكَ ، تَعَرَّفْ إِلَى اللَّهِ فِي الرَّخَاءِ يَعْرِفْكَ فِي الشِّدَّةِ ، وَاعْلَمْ أَنَّ مَا أَخْطَأَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَكَ ، وَمَا أَصَابَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ ، وَاعْلَمْ أَنَّ النَّصْرَ مَعَ الصَّبْرِ ، وَأَنَّ الْفَرَجَ مَعَ الْكَرْبِ ، وَأَنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْراً**))* .

واتە : من ڕۆژێکیان لە پشت پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بووم و فەرمووی : ئەی لاوی تازە پێگەیشتوو من چەند وشەیەکت فێر دەکەم : تۆ

---

[١٩] صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٥١٦) .

* مسند الإمام أحمد رقم : (٢٨٥٧) والمعجم الكبير للطبراني رقم : (١١٠٨٠) بنحوه .

سنورەکانی شەرعی خوا بپارێزە خواش تۆ دەپارێزێت ، تۆ سنورەکانی شەرعی خوا بپارێزە خوا دەبینیت لە پێشتەوە لەگەڵتدا دەبێت ، ئەگەر داوات کرد ئەوا تەنها داوا لە خوا بکە ، وە ئەگەر داوای یارمەتیت کرد ئەوا تەنها داوای یارمەتی لە خوا بکە ، وە بزانە بەڕاستی ئەگەر هەموو ئوممەت کۆببنەوە بۆ ئەوەی بە شتێك سوودت پێبگەیەنن ئەوا سوودت پێناگەیەنن تەنها بەو شتە نەبێت کە خوا بۆتی نووسیووە ، وە ئەگەر کۆیشببنەوە بۆ ئەوەی بە شتێك زەرەر و زیانت پێبگەیەنن ئەوا زەرەر و زیانت پێناگەیەنن تەنها بەو شتە نەبێت کە خوا لەسەرتی نووسیووە ، قەڵەمەکانی نووسینی قەدەر هەڵگیراون و پەڕەکانیش وشك بوونەتەوە .

وە لە ریوایەتەکەی جگە لە (الترمذي) :

تۆ سنورەکانی شەرعی خوا بپارێزە خوا دەبینیت لە پێشتەوە لەگەڵتدا دەبێت ، تۆ لە کاتی خۆشیدا خۆت بە خوا بناسێنە و بیپەرستە ئەوا خوایش لە کاتی نارەحەتی و تەنگانەدا تۆ دەناسێت و دێت بە هاناتەوە ، وە بزانە بەڕاستی ئەوەی کە تووشت نابێت و نایەتە رێت بۆی نەبووە تووشت ببێت و بێتە رێت ، وە ئەوەشی کە تووشت دەبێت و دێتە رێت ئەوا بۆی نەبووە تووشت نەبێت و نەیەتە رێت ، وە بزانە بەڕاستی سەرکەوتن لەگەڵ

ئارامگرتنندایه ، وه کرانهوهی دهرگای خێر و خۆشی لهگهڵ تهنگانهدایـه ، وه خۆشگوزرانیش لهگهڵ ناڕاحهتیدایه .

## فەرموودەی بیستەم
## شەرم کردن بەشێکە لە ئیمان

٢٠ ـ عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ عُقْبَةَ بْنِ عَمْرٍو الأَنْصَارِيِّ الْبَدْرِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : **((إِنَّ مِمَّا أَدْرَكَ النَّاسُ مِنْ كَلاَمِ النُّبُوَّةِ الأُولَى : إِذَا لَمْ تَسْتَحِ فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ))**[٢٠].

واتـه : بەڕاسـتی بەشـێك لـەوەی کـە خـەڵك پـێی گەیشـتووە لـە وتـەی پێغەمبەرایەتی پێشووتر : ئەگەر شەرمت نەکرد ئـەوا بـە ویسـتی خـۆت چـی دەکەیت بیکە .

[٢٠] صحيح البخاري رقم : (٦١٢٠) .

## فەرموودەی بیست و یەكەم

## بلّیٚ باوەڕم هیٚناوە بە خوا و پاشان دامەزراو ببە لەسەری

٢١ ـ عَنْ أَبِي عَمْرٍو ـ وَقِيْلَ : أَبِي عَمْرَةَ ـ سُفْيَانَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الثَّقَفِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : **قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ قُلْ لِي فِي الإِسْلاَمِ قَوْلاً لاَ أَسْأَلُ عَنْهُ أَحَداً غَيْرَكَ ؟**

قَالَ : **((قُلْ آمَنْتُ بِاللَّهِ ، ثُمَّ اسْتَقِمْ))**[٢١].

واتە : وتم : ئەی پیٚغەمبەری خوا وتەیەكم پیٚ بلّیٚ لە ئیسلامدا كە لە بارەیەوە پرسیار نەكەم لە كەسیٚكی تر جگە لە تۆ ؟

فەرمووی : بلّیٚ باوەڕم هیٚناوە بە خوا و پاشان بەردەوام و دامەزراو ببە لەسەری .

---

[٢١] صحيح مسلم رقم : (١٥٨) .

## فەرموودەی بیست و دووەم

## خۆکورتهەڵهێنان لەسەر فەرزەکان مرۆڤ دەباتە بەهەشتەوە

٢٢ ـ عَنْ أَبِي عَبْدِ اللَّهِ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الأَنْصَارِيِّ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا) أَنَّ رَجُلاً سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ : **أَرَأَيْتَ إِذَا صَلَّيْتُ الْمَكْتُوبَاتِ ، وَصُمْتُ رَمَضَانَ ، وَأَحْلَلْتُ الْحَلاَلَ ، وَحَرَّمْتُ الْحَرَامَ ، وَلَمْ أَزِدْ عَلَى ذَلِكَ شَيْئًا أَأَدْخُلُ الْجَنَّةَ ؟**

**قَالَ : ((نَعَمْ))**[٢٢].

واتە : پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی : هەواڵم بدەرێ ئەگەر نوێژە فەرزەکان بکەم و ڕۆژووی ڕەمەزان بگرم و حەڵاڵ بە حەڵاڵ بزانم و بیکەم و حەرامیش بە حەرام بزانم و نەیکەم و لە ئەوەش زیاتر نەکەم ئایا دەچمە بەهەشتەوە ؟

فەرمووی : بەڵێ .

---

[٢٢] صحيح مسلم رقم : (١١٠) .

## فەرموودەی بیست و سێیەم
## پەلەکردن لە خێر و چاکەدا

٢٣ ـ عَنْ أَبِي مَالِكٍ الْـحَارِثِ بْنِ عَاصِمٍ الأَشْعَرِيِّ (ﷺ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : **((الطُّهُورُ شَطْرُ الإِيمَانِ ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلأُ الْمِيزَانَ ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلآنِ - أَوْ تَمْلأُ - مَا بَيْنَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ ، وَالصَّلاَةُ نُورٌ ، وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ ، وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ ، وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ ، كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو فَبَائِعٌ نَفْسَهُ فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا))**[٢٣].

واتە : خۆ پاك و خاوێن كردنەوە نیوەی ئیمانە ، وە (الْـحَمْدُ لِلَّهِ / واتە : سوپاس و ستایش بۆ خوا) ترازوو پڕ دەكات ، وە (سُبْحَانَ اللَّهِ وَالْـحَمْدُ لِلَّهِ / واتە : پاكی بۆ خوا لە كەم وكوڕی و سوپاس و ستایش بۆ خوا) هەردووكیان نێوان ئاسمانەكان و زەوی پڕ دەكەنەوە ، وە نوێژكردن رووناكیيە ، وە خێر و صەدەقەكردن بەڵگەیە ، وە ئارامگرتن ڕۆشناییە ، وە قورئان بەڵگەیە بۆت یان لەسەرت ، هەموو كەسێك لە خەڵك بەیانیان لە ماڵ دەچێتە دەرەوە و خۆی دەفرۆشێت جا یان خۆی ئازاد دەكات وە یان خۆی دەفەوتێنێت .

---

[٢٣] صحيح مسلم رقم : (٥٣٣) .

## فەرموودەی بیست و چوارەم
## حەرام کردن و قەدەغەکردنی زوڵم و ستەم کردن

٢٤ ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ الْغِفَارِيِّ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) فِيمَا يَرْوِيْهِ عَنْ رَبِّهِ عَزَّ وَجَلَّ أَنَّهُ قَالَ : ((يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمَاً فَلاَ تَظَالَمُوا ، يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ ضَالٌّ إِلاَّ مَنْ هَدَيْتُهُ فَاسْتَهْدُونِي أَهْدِكُمْ ، يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ جَائِعٌ إِلاَّ مَنْ أَطْعَمْتُهُ فَاسْتَطْعِمُونِي أُطْعِمْكُمْ ، يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ عَارٍ إِلاَّ مَنْ كَسَوْتُهُ فَاسْتَكْسُونِي أَكْسُكُمْ ، يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ تُخْطِئُونَ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَأَنَا أَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعَاً فَاسْتَغْفِرُونِي أَغْفِرْ لَكُمْ ، يَا عِبَادِي إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا ضَرِّي فَتَضُرُّونِي وَلَنْ تَبْلُغُوا نَفْعِي فَتَنْفَعُونِي ، يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ مَا زَادَ ذَلِكَ فِي مُلْكِي شَيْئَاً ، يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِي شَيْئَاً ، يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ قَامُوا فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ فَسَأَلُونِي فَأَعْطَيْتُ كُلَّ إِنْسَانٍ مَسْأَلَتَهُ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِمَّا عِنْدِي إِلاَّ كَمَا يَنْقُصُ الْمِخْيَطُ إِذَا أُدْخِلَ الْبَحْرَ ، يَا عِبَادِي إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ

أُحْصِيهَا لَكُمْ ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا ، فَمَنْ وَجَدَ خَيْرًا فَلْيَحْمَدِ اللَّهَ ، وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ فَلاَ يَلُومَنَّ إِلاَّ نَفْسَهُ))[٢٤].

واتە : خوای کار پڕ بەرەکەت و پایەدار فەرموویەتی :

ئەی بەندەکانم بەڕاستی من زوڵم و ستەم کردنم حەرام و قەدەغە کردووە لەسەر خۆم و لە نێوان ئێوەیشدا حەرام و قەدەغەم کردووە بۆیە زوڵم و ستەم مەکەن لە یەکتر ..

ئەی بەندەکانم هەمووتان سەرلێشێواون جگە لەوانەتان نەبێت کە من هیدایەتیم داوە و خستومەتە سەر ڕێگای ڕێنمایی بۆیە داوای هیدایەتدان و ڕێنمایی کردنم لێبکەن منیش هیدایەتان دەدەم ..

ئەی بەندەکانم هەمووتان برسی بوون جگە لەوانەتان نەبێت کە من خواردنم پێداوە بۆیە داوای خواردنم لێبکەن منیش خواردنتان پێدەدەم ..

ئەی بەندەکانم هەمووتان ڕووت بوون جگە لەوانەتان نەبێت کە من پۆشاکەم لەبەر کردووە بۆیە داوای پۆشاکەم

---

[٢٤] صحيح مسلم رقم : (٦٥١٧) .

لـێبکەن منیش پۆشاکتان پێدەدەم ..

ئەی بەندەکانم بەڕاستی ئێوە بە شەو و بـە ڕۆژ هەڵـە و تـاوان دەکـەن و منـیش لـە هـەموو تاوانـەکان خۆشـدەبم بۆیـە داوای لــێخۆشبوونم لــێبکەن منیش لێتان خۆشدەبم ..

ئـەی بەنـدەکانم ئێـوە نـاتوانن بگەنـە ئـەو ئاسـتەی کـە زیـان و زەرەرم پێبگەیـەنن تـاوەکو زیـان و زەرەرم پێبگەیـەنن وە ناشـتوانن بگەنـە ئـەو ئاستەی کە سوودم پێبگەیەنن تاوەکو سوودم پێبگەیەنن ..

ئەی بەندەکانم بەڕاستی ئەگەر یەکەمین کەس و دواین کەستان وە مرۆڤـ و جنۆکەتان لەسەر دڵی لە خواترسترین پیاوێك بن لە ئێوە ئەوا ئـەوە هیچـی پێ لە موڵکی من زیاد ناکات ..

ئـەی بەنـدەکانم بەڕاسـتی ئەگـەر یەکـەمین کـەس و دوایـن کەسـتان وە مرۆڤـ و جنۆکەتان لەسەر دڵی خراپترین پیاوێك بن لە ئێوە ئەوا ئەوە هیچـی پێ لە موڵکی من کەم ناکات ..

ئەی بەندەکانم بەڕاستی ئەگەر یەکەمین کەس و دواین کەستان وە مرۆڤـ و جنۆکەتان لە یەك شوێنی فراوان و تەختدا ڕاوەسـتن و داوام لــێبکەن ئـەوا منیش هەموو مرۆڤێك چی داواکاریەکی هەبووە پـێی دەبخشم و دەیدەمێ وە

ئـەوەش لـەوەی کـە لـە لای منـە کـەم ناکاتـەوە تـەنها مەگـەر وەکـو چـۆن دەرزیەك لە ئاوی دەریا کەم بکاتەوە ئەگەر بخرێتە ناو دەریاوە ..

ئەی بەندەکانم بەڕاستی ئەوە تەنها کردەوەکانی خۆتانە من دەیانژمێرم و تۆمـاری دەکـەم بۆتـان ئـەنجا پاداشـتتان دەدەمـەوە لەسـەری ، جـا هەرکەسێك خێر و چاکەی بینی ئەوا با سـوپاس و ستایشـی خـوا بکـات ، وە هەرکەسێکیش جگە لەوەی بینی ئەوا با گلەیی لە کەس نەکات تەنها لە خۆی نەبێت .

## فەرموودەی بیست و پێنجەم
## پارە زۆردارەكان پاداشتەكانیان بردووە

٢٥ ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ (رضي الله عنه) أَيْضاً : أَنَّ نَاساً مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالُوا لِلنَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) : يَا رَسُولَ اللَّهِ ذَهَبَ أَهْلُ الدُّثُورِ بِالأُجُورِ ، يُصَلُّونَ كَمَا نُصَلِّي ، وَيَصُومُونَ كَمَا نَصُومُ ، وَيَتَصَدَّقُونَ بِفُضُولِ أَمْوَالِهِمْ ؟

قَالَ : ((أَوَ لَيْسَ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ مَا تَصَّدَّقُونَ : إِنَّ لَكُمْ بِكُلِّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةً ، وَكُلِّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةٌ ، وَكُلِّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةٌ ، وَكُلِّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةٌ ، وَأَمْرٌ بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ ، وَنَهْيٌ عَنْ مُنْكَرٍ صَدَقَةٌ ، وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ)).

قَالُوا : يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيَأْتِي أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ وَيَكُونُ لَهُ فِيهَا أَجْرٌ ؟

قَالَ : ((أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِي حَرَامٍ أَكَانَ عَلَيْهِ وِزْرٌ ؟ فَكَذَلِكَ إِذَا وَضَعَهَا فِي الْحَلاَلِ كَانَ لَهُ أَجْرٌ))[٢٥].

---

[٢٥] صحيح مسلم رقم : (٢٣٢٦) .

واتــە : خــەڵکانێك لــە صــەحابەکانی پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) وتیــان بــە پێغەمبەر (ﷺ) : ئەی پێغەمبەری خـوا خـاوەن سـامان و پـارە زۆردارەکـان پاداشـتـەکانیان بـردووە : نوێـژ دەکـەن وەکـو چـۆن ئێمـە نوێژدەکـەین ، وە ڕۆژوو دەگرن وەکو چۆن ئێمە ڕۆژوو دەگرین ، بەڵام ئەوان پارە زیادەکانیان دەکەن بە خێر و صەدەقە و ئێمە نیمانە ؟

فەرمووی : باشە ئەوە نی‌یە خوای گەورە شتانێکی بۆ کردوون بە خێـر و صەدەقە پێ‌کردن : بەڕاستی بۆتـان هەیـە بـە هـەموو (سُبْحَانَ اللَّـه) وتنیـەك خێر و صەدەقەیەك ، وە بە هەموو (اللَّهُ أَكْبَرَ) وتنیـەك خێـر و صـەدەقەیەك ، وە بە هەموو (الْحَمْدُ لِلَّـهِ) وتنیەك خێر و صـەدەقەیەك ، وە بـە هـەموو (لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّـه) وتنیـەك خێـر و صــەدەقەیەك ، وە بــە هــەموو فــەرمان کــردن بــە چاکەیەك خێر و صەدەقەیەك ، وە بـە هـەموو ڕێگـرتن لـە خراپەیـەك خێـر و صەدەقەیەك ، وە بە جووتبوونی یەکێکتان خێر و صەدەقەیەك .

وتیـان : ئـەی پێغەمبـەری خـوا ئایـا یـەکێك لـە ئێمـە ئـارەزووی خـۆی بەجێ‌دێنێت و ئەجر و پاداشتی بۆ هەیە تێیدا ؟

فەرمووی : ئەی نابینن ئەگەر لە حەرامدا دایبنێت ئایا تاوانبار نابێت لەسەری ؟ بە هەمان شێوە ئەگەر لە حەڵاڵدا دایبنێت ئەوا ئەجر و پاداشتی بۆ هەیە تێیدا .

## فەرموودەی بیست و شەشەم

## فەزڵی چاکسازی و یەکخستنی نێوان خەڵك و هاوکاری کردنیان

٢٦ ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : ((كُلُّ سُلاَمَى مِنَ النَّاسِ عَلَيْهِ صَدَقَةٌ كُلَّ يَوْمٍ تَطْلُعُ فِيهِ الشَّمْسُ :

تَعْدِلُ بَيْنَ الاِثْنَيْنِ صَدَقَةٌ ، وَتُعِينُ الرَّجُلَ فِي دَابَّتِهِ فَتَحْمِلُهُ عَلَيْهَا أَوْ تَرْفَعُ لَهُ عَلَيْهَا مَتَاعَهُ صَدَقَةٌ ، وَالْكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ ، وَبِكُلِّ خَطْوَةٍ تَمْشِيهَا إِلَى الصَّلاَةِ صَدَقَةٌ ، وَتُمِيطُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ صَدَقَةٌ))[٢٦].

واتە : هەموو ئێسكێك لە خەڵك خێر و صەدەقەیەکی لەسەرە هەموو ڕۆژێك كە خۆری تێدا هەڵدێت : نێوان دوو كەس یەكدەخەیت خێر و صەدەقەیە ، وە یارمەتی پیاوێك دەدەیت لە وڵاخەكەیدا خۆی هەڵدەگریت و

---

[٢٦] صحيح البخاري رقم : (٢٨٩١) وصحيح مسلم رقم : (٢٣٣٢) .

دەیخەیتەسەری یان شتومەکەکانی بۆ بەرز دەکەیتەوە و دەیخەیتەسەری خێر و صەدەقەیە ، وە وتەی پاك و چاك خێر و صەدەقەیە ، وە بە هەموو هەنگاوێك کە دەینەیت بۆ نوێژ خێر و صەدەقەیە ، وە لادانی شتێکی بە زیان و ئازارگەیەنەر لەسەر ڕێگاوبان خێر و صەدەقەیە .

## فەرموودەی بیست و حەوتەم
## چاکە بریتییە لە ڕەوشت جوانی

٢٧ ـ عَنِ النَّوَّاسِ بْنِ سَمْعَانَ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ : **((الْبِرُّ حُسْنُ الْخُلُقِ ، وَالإِثْمُ مَا حَاكَ فِي صَدْرِكَ وَكَرِهْتَ أَنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ))**[٢٧].

وَعَنْ وَابِصَةَ بْنِ مَعْبَدٍ أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) فَقَالَ : **((جِئْتَ تَسْأَلُ عَنِ الْبِرِّ وَالإِثْمِ ؟**

**قُلْتُ : نَعَمْ .**

**قَالَ : اسْتَفْتِ قَلْبَكَ ، الْبِرُّ : مَا اطْمَأَنَّتْ إِلَيْهِ النَّفْسُ وَاطْمَأَنَّ إِلَيْهِ الْقَلْبُ ، وَالإِثْمُ : مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ وَتَرَدَّدَ فِي الصَّدْرِ ، وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ وَأَفْتَوكَ))***.

---

[٢٧] صحيح مسلم رقم : (٦٤٦٣) .

* مسند الإمام أحمد رقم : (١٨٤٨٦) و (١٨٤٩١) ومسند الدارمي رقم : (٢٥٨٨) .

واتە : چاکە بریتی‌یە لە ڕەوشت جوانی ، وە تاوانیش بریتی‌یە لەوەی کە لە نـاو سـنگتدا دێـت و دەڕوات و جـێگیر نابێـت وە حـەزیش ناکـەیت و پێـت ناخۆشە خەڵك پێ‌ی بزانن .

وە لە (وَابِصَةَ بْنِ مَعْبَد)ەوە فەرموویـەتی : هـاتم بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) و فەرمـووی : تۆ هاتویــت پرسیـار دەکەیـەت سەبــارەت بـە چـاکە و خراپە ؟

وتم : بــەڵــێ .

فەرمووی : پرسیار لە دڵی خۆت بکە ، چاکە بریتی‌یـە لـەوەی کـە نـاخ و دەروونـت پـێ‌ی ئارامـە و دڵ پـێ‌ی بـە ئـارام و ئاسـوودەیە ، وە تـاوانیش بریتی‌یە لەوەی کە لە ناو ناخ و دەروونتـدا دێت و دەڕوات و لـە نـاو سـنگتدا جێگیر نابێت ، ئەگەر چی خەڵکیش بە پێچەوانـەی ئەوەوە فەتوات بۆ بدەن .

## فەرموودەی بیست و هەشتەم
## پێویستی پەیوەست بوون بە سوننەتەوە

٢٨ ـ عَنْ أَبِي نَجِيحٍ الْعِرْبَاضِ بْنِ سَارِيَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : وَعَظَنَا رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) مَوْعِظَةً [ بَلِيغَةً ] وَجِلَتْ مِنْهَا الْقُلُوبُ وَذَرَفَتْ مِنْهَا الْعُيُونُ ، فَقُلْنَا : يَا رَسُولَ اللَّهِ كَأَنَّهَا مَوْعِظَةُ مُوَدِّعٍ فَأَوْصِنَا .

قَالَ : ((أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ ، وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ وَإِنْ تَأَمَّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ [حَبَشِيٌّ] ، فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ بَعْدِي فَسَيَرَى اخْتِلَافاً كَثِيراً ، فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ [تَمَسَّكُوا بِهَا] وَعَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ ، وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ ، [فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ] ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ))[٢٨] .

واتە : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئامۆژگاری کردین ئامۆژگاریەکی کاریگەر کە بە هۆیەوە دڵەکانمان ترسا و چاوەکانمانیش فرمێسکی پێدا هاتە

---

[٢٨] صحيح أبي داود رقم : (٤٦٠٧) وصحيح سنن الترمذي رقم : (٢٦٧٦) .

**تنبيه** : الزيادات التي بين المعقوفتين [ ] غير موجودة بمتن الأربعين النووية لكنها موجودة بالسنن .

خوارەوە ، بۆیە وتمان : ئەی پێغەمبەری خوا وەکو بڵـێی ئەمـە ئامۆژگـاری کەسێکە کەماڵئاوایی بکات و بڕوات بۆیە ئامۆژگاریمان بکە .

فـەرمووی : ئامۆژگاریتـان دەکـەم بـە ترسـان لـە خـوای گـەروە ، وە بـە گـوێگرتن و گوێڕایـەڵی کـردن بـۆ فـەرمانڕەوایان ئەگـەر چـی کۆیلەیـەکی حەبەشیش ببێتە فەرمانڕەواتان ، چونکە بەڕاستی هەرکەسێك لـە ئێوە لـە پاش من بژێت ئەوا لە داهاتویەکی نزیکدا جیاوازی و ناکۆکیەکی زۆر دەبینێت ، لـەو کاتـەدا پەیوەسـت ببـن بـە ڕێبـازی مـن و ڕێبـازی جێنیشـینە ژیـر و ڕێنماییکراوەکانەوە دەستی پێوەبگرن و قەپی پێدابگرن بـە کاکیلـەکانتان ، وە وریا بن لە شتە داهێنراوەکان ، چـونکە هـەموو داهێنراوێك بیدعەیـە ، وە هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە .

## فەرموودەی بیست و نۆیەم
## ئەوەی كە مرۆڤـ دەباتە بەهەشتەوە

٢٩ ـ عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ أَخْبِرْنِي بِعَمَلٍ يُدْخِلُنِي الْجَنَّةَ وَيُبَاعِدُنِي مِنَ النَّارِ ؟

قَالَ : لَقَدْ سَأَلْتَنِي عَنْ عَظِيمٍ وَإِنَّهُ لَيَسِيرٌ عَلَى مَنْ يَسَّرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ : تَعْبُدُ اللَّهَ وَلاَ تُشْرِكُ بِهِ شَيْئاً ، وَتُقِيمُ الصَّلاَةَ ، وَتُؤْتِي الزَّكَاةَ ، وَتَصُومُ رَمَضَانَ ، وَتَحُجُّ الْبَيْتَ .

ثُمَّ قَالَ : أَلاَ أَدُلُّكَ عَلَى أَبْوَابِ الْخَيْرِ : الصَّوْمُ جُنَّةٌ ، وَالصَّدَقَةُ تُطْفِئُ الْخَطِيئَةَ كَمَا يُطْفِئُ الْمَاءُ النَّارَ ، وَصَلاَةُ الرَّجُلِ مِنْ جَوْفِ اللَّيْلِ ، ثُمَّ تَلاَ : ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ ﴾ حَتَّى بَلَغَ ﴿يَعْمَلُونَ ﴾ .

ثُمَّ قَالَ : أَلاَ أُخْبِرُكَ بِرَأْسِ الأَمْرِ كُلِّهِ وَعَمُودِهِ وَذِرْوَةِ سَنَامِهِ ؟

قُلْتُ : بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ .

قَالَ : رَأْسُ الأَمْرِ الإِسْلاَمُ وَعَمُودُهُ الصَّلاَةُ وَذِرْوَةُ سَنَامِهِ الْجِهَادُ .

ثُمَّ قَالَ : أَلاَ أُخْبِرُكَ بِمِلاَكِ ذَلِكَ كُلِّهِ ؟

قُلْتُ : بَلَى يَا نَبِيَّ اللَّهِ .

قَالَ : فَأَخَذَ بِلِسَانِهِ وَقَالَ : كُفَّ عَلَيْكَ هَذَا .

فَقُلْتُ : يَا نَبِيَّ اللَّهِ وَإِنَّا لَمُؤَاخَذُونَ بِمَا نَتَكَلَّمُ بِهِ ؟

فَقَالَ : ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ يَا مُعَاذُ ، وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ أَوْ عَلَى مَنَاخِرِهِمْ إِلاَّ حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ ؟))[٧].

واتە : لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بووم و ڕۆژێکیان لە کاتی ڕێکردندا لـێی نزيك بوومەوە و وتم : ئەی پێغەمبەری خـوا هەواڵمبـدەرێ بـە کردەوەیەك بمخاتە بەهەشتەوە و لە دۆزەخ دوورمخاتەوە ؟

فەرمووی : بەڕاستی پرسیاری شتێکی گـەورەت لـێکردم و ئـەو شـتەش ئاسانە لەسەر کەسێك کە خوا بۆی ئاسان بکـات : خـوا دەپەرسـتیت و هـیچ ناکەیت بە شەریکی و نوێژەکان دەکەیت بە ڕێکوپێکی و زەکـات دەدەیـت و ڕۆژووی ڕەمەزان دەگریت و حەجی ماڵی خواش دەکەیت .

---

[٧] صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٦١٦) .

ئەنجا فەرمووی : ئایا رێنماییت بکەم بۆ دەرگاکانی خێر و چاکە : ڕۆژوو پارێزەرە و ماڵ بەخشین هەڵە و تاوان دەکوژێنێتەوە هەروەکو چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە وە نوێژی پیاو لە ناوەڕاستی شەودا ، فەرمووی : ئەنجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿لاکەلەکەیان دووردەکەوێتەوە لە جێگەکانی خەوتن و پەروەردگاریان دەپەرستن لە ترسی سزایی و بە تەماحی پاداشتی و لەوەی کە ڕۆزیانمان داون دەبخشنەوە ، هیچ کەسێك نازانێت چیان بۆ هەڵگیراوە لەوەی کە چاوەکان ئۆقرەی پێدەگرێت لە پاداشتی ئەو کردەوانەی کە دەیان کرد﴾ ئەنجا فەرمووی : ئایا هەواڵتنەدەمێ بە سەری هەموو شتێك و بە بڕبڕەی پشتی و چڵە پۆپەکەی ؟

وتم : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا .

فەرمووی : سەری هەموو شتێك ئیسلامە ، وە بڕبڕەی پشتی ئیسلامیش نوێژ کردنە ، وە چڵە پۆپەکەشی تێکۆشانە لە پێناوی خوادا .

ئەنجا فەرمووی : ئایا هەواڵتنەدەمێ بە جڵەوگیری هەموو ئەوانە ؟

وتم : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا .

پێغەمبەری خواش زمانی گرت و فەرمووی : ئەمەت بگرەوە .

وتم : ئەی پێغەمبەری خوا بۆ ئایا لێپرسینەوەمان لێدەكرێت و سزا دەدرێین لەسەر ئەوەی كە دەیلێین ؟

فەرمووی : لەبار دایكت بچیتەوە ئەی (مُعَاذ) بۆ ئایا خەڵكی ڕادەكێشرێن لەسەر ڕوومەتیان یان لەسەر لوتیان ئیللا بە هۆی دروێنەی تاوانەكانی زمانیانەوە نەبێت ؟

## فەرموودەی سی‌یەم
## مافەكانی خوای گەورە

٣٠ ـ عَنْ أَبِي ثَعْلَبَةَ الْخُشَنِي جُرْثُوم بْنِ نَاشِرٍ (رضي الله عنه) عَنْ رَسُولِ اللّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ : **((إِنْ اللَّهَ فَرَضَ فَرَائِضَ فَلاَ تُضَيِّعُوهَا ، وَحَدَّ حُدُوداً فَلاَ تَعْتَدُوهَا ، وَحرَّمَ أَشْيَاءَ فَلاَ تَنْتَهِكُوهَا ، وَسَكَتَ عَنْ أَشْيَاءَ رَحْمَةً لَكُمْ غَيْرَ نِسْيَانٍ فَلاَ تَبْحَثُوا عَنْهَا))**[٣٠].

واتە : بەڕاستی خوا چەندین فەرزی داناوە مەیانفەوتێنن ، وە چەندین سنووری داناوە مەیانبەزێنن ، وە چەندین شتی حەرام كردووە خۆتانی تێوەمەگلێنن و ئەنجامیان مەدەن ، وە لە شتانێكیش بێدەنگ بووە وەكو بەزەیی پێداهاتنەوەیەك پێتان بە بێ لەبیرچوون ئێوەیش بە دوایاندا مەگەڕێن .

---

[٣٠] قال النووي : (حديث حسن رواه الدارقطني وغيره) ، وانظر تخريجه وأقوال أهل العلم فيه في : "جامع العلوم والحِكَم" للحافظ ابن رجب الحنبلي : (٢ / ١٥٠ ـ ١٥٢) .

# فەرموودەی سی و یەكەم
# دونیانەویستی ڕاستەقینە

٣١ ـ عَنْ أَبِي الْعَبَّاسِ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ السَّاعِدِيِّ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قَالَ : **جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ دُلَّنِي عَلَى عَمَلٍ إِذَا عَمِلْتُهُ أَحَبَّنِيَ اللَّهُ وَأَحَبَّنِيَ النَّاسُ ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) : ((ازْهَدْ فِي الدُّنْيَا يُحِبَّكَ اللَّهُ ، وَازْهَدْ فِيمَا عِنْدَ النَّاسِ يُحِبَّكَ النَّاسُ))**[٣١] .

**واتە : پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ڕێنماییم بكە بۆ كردەوەیەك ئەگەر ئەنجامی بدەم هەم خوا خۆشمیبوێت و هەم خەڵكیش خۆشمیانبوێت ؟**

---

[٣١] قال النووي : (حديث حسن رواه ابن ماجه [رقم : (٤١٠٢)] وغيره بأسانيد حسنة) .

قلتُ : وأخرجه البغوي في "شرح السنة" : (باب التجافي عن الدنيا) ، والحاكم في "المستدرك" : رقم : (٧٨٧٣) ، والطبراني في "الْمعجم الكبير" رقم : (٥٨٣٩) ، والبيهقي في "شعب الإيمان" رقم : (١٠٥٢٣) .. وقال الألبانِي (حسن لغيره) صحيح الترغيب والترهيب رقم : (٣٢١٣) ، وقال أيضاً : (صحيح بشواهده) رياض ال□ـالحين بتحقيقه رقم : (٤٧٦) ، وقال أيضاً : (صحيح) صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٤١٠٢) وصحيح الْجامع ال□غير رقم : (٩٢٢) وقال أيضاً بعد تخريج وتحقيق علمي : (وجملة القول أن الحديث صحيح بهذا الشاهد المرسل ، والطرق الموصولة المشار إليها ، والله أعلم ، ويعجبني قول المنذري في "الترغيب" : (٣ / ٩٥) ... (لكن على هذا الحديث لامعة من أنوار النبوة ، ولا يَمنع كون راويه ضعيفًا أن يكون النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قاله) وقد حسنه النووي والعراقي والهيثمي ...) سلسلة الأحاديث ال□حيحة : (٢ / ٦٢٤ ـ ٦٢٨) تحت الْحديث رقم : (٩٤٤) .

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فـەرمووی : وازبێنـە و خـۆتبگرەوە لـە دونیـا ئەوا خوا خۆشتیدەوێت ، وە وازبێنـە و خـۆتبگرەوە لـەوەی کـە لـە دەسـتی خەڵکدایە ئەوا خەڵکیش خۆشیاندەوێیت .

## فەرموودەی سی و دووەم

## زەرەر لە خۆدان و زەرەر بە خەڵك گەیاندن نی‌یە

٣٢ ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ سَعْدِ بْنِ مَالِكٍ بْنِ سِنَانٍ الْـخُدْرِيِّ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((لاَ ضَرَرَ وَلاَ ضِرَارَ))[٣٢] .

واتە : زەرەر بە کەس مەگەیەنن بە مەبەستی سوود گەیاندن بە خۆتان ، وە زەرەریش بە کەس مەگەیەنن بە بێ سوود گەیاندن بە خۆتان .

---

[٣٢] صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٢٣٤١) وسنن الدراقطني رقم : (٤٥٩٧) .

قَالَ الحافظ ابن رجب الحنبلي : (... وَقِيلَ : الضَّرَرُ : أَنْ يُدْخِلَ عَلَى غَيْرِهِ ضَرَرَاً بِمَا يَنْتَفِعُ هُوَ بِهِ ، وَالضِّرَارُ : أَنْ يُدْخِلَ عَلَى غَيْرِهِ ضَرَرَاً بِمَا لاَ مَنْفَعَةَ لَهُ بِهِ ... وَرَجَّحَ هَذَا الْقَوْلَ طَائِفَةٌ ، مِنْهُمْ ابْنُ عَبْدُ الْبَرِّ ، وَابْنُ الصَّلاَحِ ، وَقِيلَ : الضَّرَرُ : أَنْ يَضُرَّ بِمَنْ لاَ يَضُرُّهُ ، وَالضِّرَارُ : أَنْ يَضُرَّ بِمَنْ قَدْ أَضَرَّ بِهِ عَلَى وَجْهٍ غَيْرِ جَائِزٍ) "جامع العلوم والحِكَم" : (٢ / ٢١٢) .

یان واتە : زەرەر بە کەسێك مەگەیەنن کە زەرەری بۆتان نەبووە ، وە زەرەر بە کەسێکیش مەگەیەنن کە زەرەری بۆتان هەبووە بە شێوەیەکی نادروست .

## فەرموودەی سی و سێیەم
## بەڵگە هێنانەوە لەسەر داواکارە و سوێندخواردنیش لەسەر ئەوەی کە نکۆڵی دەکات

٣٣ ـ عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنهما) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ : **((لَوْ يُعْطَى النَّاسُ بِدَعْوَاهُمْ لاَدَّعَى رِجَالٌ أَمْوَالَ قَوْمٍ وَدِمَاءَهُمْ ، لَكِنَّ الْبَيِّنَةَ عَلَى الْمُدَّعِي وَالْيَمِينَ عَلَى مَنْ أَنْكَرَ))**[٣٣].

واتە : ئەگەر خەڵکی بە پێی داواکانیان داواکراوەکانیان پێ بدرایەت ئەوا پیاوانێك داوای ماڵ و خوێنی خەڵکییان دەکرد ، بەڵام داواکار بەڵگە هێنانەوەی لەسەرە و سوێندخواردنیش لەسەر ئەو کەسەیە کە نکۆڵی دەکات.

---

[٣٣] قال النووي : (حديث حسن رواه البيهقي وغيره هكذا وبعضه في الصحيحين) .
سنن البيهقي رقم : (٢١٧٣٣) ، وبنحوه في صحيح البخاري رقم : (٤٥٥٢) وصحيح مسلم رقم : (٤٤٤٥) .

## فەرموودەی سی و چوارەم
## ڕێگرتن لە خراپە بەشێکە لە ئیمان

٣٤ ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ :
**((مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ وَذَلِكَ أَضْعَفُ الإِيمَانِ))**(٣٤) .

واتە : هەرکەسێك لە ئێوە خراپەیەکی بینی ئەوا با بیگۆڕێت بە دەستی ، وە ئەگەر نەیتوانی ئەوا بە زمانی ، وە ئەگەر نەیتوانی ئەوا بە دڵی ئەوەش لاوازترینی ئیمانە .

(٣٤) صحيح مسلم رقم : (١٧٥) .

## فەرموودەی سی و پێنجەم
## برایەتی ئیسلام

٣٥ ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : **((لاَ تَحَاسَدُوا ، وَلاَ تَنَاجَشُوا ، وَلاَ تَبَاغَضُوا ، وَلاَ تَدَابَرُوا ، وَلاَ يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ ، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا .**

**الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ ، لاَ يَظْلِمُهُ ، وَلاَ يَخْذُلُهُ ، وَلاَ يَكْذِبُهُ ، وَلاَ يَحْقِرُهُ ، التَّقْوَى هَا هُنَا وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ ، بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ ، كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ))**[٣٥] .

واتە : حەسودی بە یەکتر مەبەن ، وە نرخی شتومەك لەسەر یەکتر گران مەکەن ، وە ڕقتان لە یەکتر نەبێت ، وە پشت لە یەکتر هەڵمەکەن ، وە مامەڵە و کڕین و فرۆشتن مەکەن بە سەر مامەڵەی یەکتر ، وە ببن بە بەندەی خوا و برای یەکتر .

موسڵمان برای موسڵمانە ستەم و زوڵمی لێناکات و سەرشۆڕشی ناکات و پشتی بەرنادات و بە درۆشی لە گەڵدا ناکات و بە چاوی سووك و کەم

---

[٣٥] صحيح البخاري رقم : (٦٠٦٤) و (٦٠٦٥) و (٦٠٦٦) ، وصحيح مسلم رقم : (٦٤٨٧) .

ڕێزیشه‌وه‌ سه‌یری ناكات ، له‌خواترسان ئا لێره‌دایه‌ ـ سێ جار ئاماژه‌ی كرد بۆ سنگی ـ ، به‌سه‌ بۆ خراپێتی موسڵمان كه‌ به‌ چاوی سووك و كه‌م ڕێزه‌ی‌یه‌وه‌ سه‌یری برای موسڵمانی بكات ، هه‌موو موسڵمانێك خوێن و ماڵ و ناموسی حه‌رامه‌ له‌سه‌ر موسڵمان .

## فه‌رمووده‌ی سی و شه‌شه‌م
## فه‌زڵی كۆبوونه‌وه‌ له‌سه‌ر قورئان خوێندن و له‌سه‌ر زیكر كردن

٣٦ ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) : ((مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ ، وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ ، وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِماً سَتَرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ ، وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ ، وَمَنْ سَلَكَ طَرِيقاً يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْماً سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ بِهِ طَرِيقاً إِلَى الْجَنَّةِ ، وَمَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ إِلاَّ نَزَلَتْ عَلَيْهِمُ

السَّكِينَةُ وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ وَحَفَّتْهُمُ الْمَلَائِكَةُ وَذَكَرَهُمُ اللَّهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ ، وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ))[٣٦].

واتە : هەرکەسێك ناڕەحەتی و تەنگانەیەك لەسەر موسڵمانێك سوك و ئاسان بکات ئەوا خوا ناڕەحەتی و تەنگانەیەك لە ناڕەحەتی و تەنگانەکانی ڕۆژی قیامەتی لەسەر سوك و ئاسان دەکات ، وە هەرکەسێك کارئاسانی لەسەر قەرزارێکی نەدار بکات ئەوا خوا کارئاسانی بۆ دەکات لە دونیا و دواڕۆژدا ، وە هەرکەسێك کەم و کوڕی و عەیبە و تاوانی موسڵمانێك بپۆشێت ئەوا خوا کەم و کوڕی و عەیبە و تاوانەکانی بۆ دەپۆشێت لە دونیا و دواڕۆژدا ، وە خوا لە هاوکاری بەندەکەیدایە ئەوەندەی کە بەندە لە هاوکاری براکەیدا بێت ، وە هەرکەسێك ڕێگایەك بگرێتەبەر بۆ بەدەست خستنی زانستی شەرعی ئەوا خوا بەوە ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات ، وە هیچ کۆمەڵە خەڵکێك نییە لە ماڵێك لە ماڵەکانی خوادا کۆببنەوە کتێبەکەی خوا بخوێننەوە و لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن لە نێوان خۆیاندا ئیللا ئارامی و ئاسوودەیی دادەبەزێتە سەر سەریان و ڕەحمەتی خوا دەیانگرێتەوە و

---

[٣٦] صحيح مسلم رقم : (٦٧٩٣) .

فریشتەکـان دەوریان دەگرن و خوای گــەورە باسیان دەکات لای ئەوانەی کە لـە لای خۆیـدان ، وە هەرکەسێك کردەوەکـەی دواى بخـات ئـەوا ڕەچـەڵەکی پێشی ناخات .

## فەرموودەی سی و حەوتەم
## فەزڵ و ڕەحمەتی خوای گەورە

٣٧ ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِيمَا يَرْوِيهِ عَنْ رَبِّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى قَالَ : **((إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ الْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ ثُمَّ بَيَّنَ ذَلِكَ : فَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللَّهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً ، وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللَّهُ عِنْدَهُ عَشْرَ حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِمِائَةِ ضِعْفٍ إِلَى أَضْعَافٍ كَثِيرَةٍ ، وَإِنْ هَمَّ بِسَيِّئَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللَّهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً ، وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللَّهُ سَيِّئَةً وَاحِدَةً))**[٣٧] .

[٣٧] صحيح البخاري رقم : (٦٤٩١) وصحيح مسلم رقم : (٣٣٦) .

واته : بەڕاستی خوا چاکەکان و خراپەکانیشی نووسیوە و ئەنجا ئەوەشی ڕوونکردووەتەوە : جا هەرکەسێك نیازی کردنی چاکەیەکی هەبوو و نەیکرد ئەوا خوا لای خۆی چاکەیەکی تەواوی بۆ دەنووسێت ، وە ئەگەر نیازی کردنی چاکەیەکی هەبوو و کردی ئەوا خوا لای خۆی دە چاکە تاوەکو حەوسەد قات تاوەکو چەندین قاتی زۆری بۆ دەنووسێت ، وە ئەگەر نیازی کردنی خراپەیەکی هەبوو و نەیکرد ئەوا خوا لای خۆی چاکەیەکی تەواوی بۆ دەنووسێت ، وە ئەگەر نیازی کردنی خراپەیەکی هەبوو و کردی ئەوا خوا بە یەك خراپە دەینووسێت .

## فەرموودەی سی و هەشتەم

## خوا پەرستی هۆکاری لــێنزیك بوونەوە و خۆشەویستییە

٣٨ ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : **((إِنَّ اللَّـهَ تَعـالَى قَالَ : مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ ، وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُهُ عَلَيْهِ ، وَلاَ يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ ، فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ ، وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ ، وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطُشُ بِهَا ، وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا ، وَلَئِنْ سَأَلَنِي لأُعْطِيَنَّهُ ، وَلَئِنِ اسْتَعَاذَنِي لأُعِيذَنَّهُ))**[٣٨].

واتە : بەڕاستی خوای بەرز و پایەدار فەرموویەتی :

هەرکەسێك دژایەتی دۆستێکم بکات ئەوا من جەنگی لەگەڵدا ڕادەگەیەنم ، وە عەبدەکەم بە هیچ شتێك لێم نزیك نابێتەوە خۆشەویستتر بێت لە لام وەکو ئەوەی کە فەرزم کردووە لەسەری ، وە بەردەوام عەبدەکەم خۆیم لــێ نزیك دەکاتەوە بە سوننەتەکان تاوەکو دەگاتە ئەو ئاستەی کە خۆشیم بوێت ، وە

---

[٣٨] صحيح البخاري رقم : (٦٥٠٢) .

ئەگەر خۆشیم ویست ئەوا من دەبمە ئەو بیستنەی کە پـێی دەبیسـێت ، وە ئـەو بینینـەی کـە پـێی دەبینێـت ، وە ئـەو دەسـتەی کـە پـێی دەدات لـە شتەکان ، وە ئەو پێیەی کـە ڕێی پـێ دەکـات* ، وە ئەگـەر داوام لـێبکات ئەوا پێی دەبەخشم ، وە ئەگەر پەنام پێبگرێت ئەوا پەنای دەدەم .

---

* **تێبینییەك** : لێرەدا مەبەست بە (من دەبمە ئەو بیستنەی کە پێی دەبیسێت ، وە ئەو بینینـەی کـە پـێی دەبینێت ، وە ئەو دەستەی کە پێی دەدات لە شتەکان ، وە ئەو پێیەی کە ڕێی پێ دەکات) ئەوە نییە کە خوای گەورە خۆی ببێت بە ئەو ئەندامانەی خۆشەویستەکەی ـ بەرزی و پاکی بۆ خوا لە ئەمە ـ !!!

بەڵکـو مەبەست پێی ئەوەیە کـە خوای گـەورە وا لە خۆشەویستەکـەی دەکات کەوا تەنـها گوێبیسـتی ئەو شتانە دەبێت کە خوا پێی خۆشە ئەو بیانبیسێت ، وە تـەنها سـەیری ئـەو شـتانە بکـات کـە خـوا پـێی خۆشە ئەو سەیریان بکات ، وە تەنها دەست بۆ ئەو شتانە ببات کە خوا پێی خۆشە ئەو دەستیان بۆ ببات ، وە تەنها هەنگاو بەرەو لای شتانێك ببات کە خوا پێی خۆشە ئەو هەنگاویان بەرەو لا ببات ..

بە واتایەکی تر : مەبەست پێی ئەوەیە خوا خۆشەویستەکەی موەفەق دەکات بۆ تەنها بیستن و بینین و دەست بردن و ڕێکردن و هەنگاونان بـۆ ئەو شتانەی کە حەقە و خوا پێی خۆشە ..

یان بە واتایەکی تر : مەبەست پێی ئەوەیە ئەو عەبدە کە گەیشتە پلەی (خۆشەویستی خوا) ئەوا هەندە خوا دەناسێت و هەست بە ئاگا لـێبوون و ئامـادە بـوونی خـوا دەکـات تـا دەگاتـە پلـەی (ئیحسـان) وە کـە گەیشتە ئەم پلەیە ئەوا ئەو ئەندامانەی تەنها لەو کردارانەدا بەکاردێنێت کە خوا پێی خۆشە .

بڕوانە بۆ ئەم سەرچاوانە :

١ ـ فتح الباري شرح صحيح البخاري للحافظ ابن حجر العسقلاني : (١١ / ٤١٨) .

٢ ـ جامع العلوم والحِكَم للحافظ ابن رجب الحنبلي : (٢ / ٣٤٥ ـ ٣٤٧) .

٣ ـ شرح الأربعين النووية للشيخ ابن العثيمين ص : (٤١٥) .

٤ ـ المنحة الربانية في شرح الأربعين النووية للشيخ صالح الفوزان ص : (٢٩٦) .

٥ ـ شرح متن الأربعين النووية للشيخ صالح بن عبد العزيز آل الشيخ ، شرح الحديث رقم : (٣٨) .

## فەرموودەی سی و نۆیەم

## چاوپۆشی کردن لە هەڵەکار و لەبیرچوو و زۆرلێکراو

٣٩ ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُما) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : **((إِنَّ اللَّهَ تَجَاوَزَ لِي عَنْ أُمَّتِي : الْخَطَأَ ، وَالنِّسْيَانَ ، وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ))**[٣٩].

واتە : بەڕاستی خوای گەورە چاوپۆشی بۆم کردووە لە ئوممەتەکەم لـە : هەڵەکردن و لەبیرچوون و ئەوەی کە بە ناچارکردن و زۆر لەسەر کردن پێیـان دەکرێت .

[٣٩] صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٢٠٤٥) وسنن البيهقي رقم : (١٥٤٩٠) .

## فەرموودەی چلەم
## دونیا ئامراز و کێڵگەی دوارۆژە

٤٠ ـ عَنْ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنهما) قَالَ : أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) بِمَنْكِبَيَّ فَقَالَ : **((كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ))** .

وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ (رضي الله عنهما) يَقُولُ : **(إِذَا أَمْسَيْتَ فَلاَ تَنْتَظِرِ الصَّبَاحَ ، وَإِذَا أَصْبَحْتَ فَلاَ تَنْتَظِرِ الْمَسَاءَ ، وَخُذْ مِنْ صِحَّتِكَ لِمَرَضِكَ ، وَمِنْ حَيَاتِكَ لِمَوْتِكَ)**[٤٠].

واتە : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هەردوو شانمی گرت و فەرمووی : لە دونیادا وەکو غەریبێك بەڵکو وەکو ڕێبوارێك ببە .

وە (ابْنُ عُمَر) دەیفەرموو : ئەگەر ئێوارەت بەسەردا هات ئەوا چاوەڕێی بەیانی مەکە ، وە ئەگەر بەیانیشت بەسەردا هات ئەوا چاوەڕێی ئێوارە مەکە ، وە لە لەش ساغیت بگەرەوە بۆ نەخۆشیت ، وە لە ژیانت بۆ مردنت .

---

[٤٠] صحيح البخاري رقم : (٦٤١٦) .

# فەرموودەی چل و یەکەم
# نیشانەی ئیمان

٤١ ـ عَنْ أَبِي مُحَمَّدٍ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (رَضِيَ اللَّهُ عَنهما) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : **((لاَ يُؤْمِنُ أَحَدكُمْ حَتَّى يَكُونَ هَوَاهُ تَبعاً لِمَا جِئْتُ بِهِ))**[٤١].

**واتە : ئیمانی یەکێك لە ئێوە تەواو نییە هەتاوەکو حەز و ئارەزووەکانی نەبێتە شوێنکەوتەی ئەوەی کە من پێی هاتووم .**

---

[٤١] قال النووي : (حديث حسن صحيح رويناه في كتاب الحجة بإسناد صحيح) .

هذا الحديث من حيث الصناعة الحديثية ضعيف لضعف سنده كما بيَّنه الحافظ ابن رجب في "جامع العلوم والحِكَم" ، وأمَّا الحافظ ابن حجر فقد أشار في الفتح (١٣/٢٨٩) إلى ثبوته ، وحسنه النووي كما تراه هنا ..

قال الشيخ صالح آل الشيخ : (وسبب تحسينه أنه في معنَى الآية وهي قوله جل وعلا : ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ [النساء] وتَحسين الحديث بمجيء آية فيها معناه مذهبُ كثير من المتقدمين من أهل العلم كابن جرير الطبري وجماعة من حذاق الأئمة والمحدثين) [شرح متن الأربعين النووية للشيخ صالح آل الشيخ ، شرح الحديث رقم : (٤١)] ، وانظر : (فتح القوي المتين في شرح الأربعين وتتمة الخمسين) للشيخ عبد المحسن العباد ص : (١٥٣) .

وقال الحافظ ابن رجب : (وأما معنَى الحديث : فهو أنَّ الإنسان لا يكون مؤمناً كامل الإيمان الواجب حتى تكون محبته تابعةً لما جاء به الرسول (ﷺ) من الأوامر والنَّواهي وغيرها ، فيحبُّ ما أَمَرَ به ، ويكره ما نَهَى عنه) "جامع العلوم والحِكَم" : (٢ / ٣٩٥) .

## فەرموودەی چل و دووەم

## فراوانێتی لـێخۆشبوون و لـێبووردنی خوای گەورە

٤٢ ـ عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : ((**قَالَ اللَّهُ تَعَالَى : يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ مَا دَعَوْتَنِي وَرَجَوْتَنِي غَفَرْتُ لَكَ عَلَى مَا كَانَ فِيكَ وَلاَ أُبَالِي ، يَا ابْنَ آدَمَ لَوْ بَلَغَتْ ذُنُوبُكَ عَنَانَ السَّمَاءِ ثُمَّ اسْتَغْفَرْتَنِي غَفَرْتُ لَكَ وَلاَ أُبَالِي ، يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ لَوْ أَتَيْتَنِي بِقُرَابِ الأَرْضِ خَطَايَا ثُمَّ لَقِيتَنِي لاَ تُشْرِكُ بِي شَيْئًا لأَتَيْتُكَ بِقُرَابِهَا مَغْفِرَةً**))[٤٢].

واتە : خوای بەرز و پایەدار فەرموویەتی : ئەی ئادەمیزاد بەڕاستی تۆ چەنێك لێم بپاڕێیتەوە و تکام لـێبکەیت و ئومیدت پێم هەبێت لێت خۆشدەبم هەر چەنێك تاوانت هەبێت و بایەخی پێنادەم ، ئەی ئادەمیزاد بەڕاستی ئەگەر تاوانەکانت بگەنە ئاستی ئاسمان و پاشان داوای لێخۆشبوونم لـێبکەیت ئەوا لێت خۆشدەبم و بایەخی پێنادەم ، ئەی ئادەمیزاد بەڕاستی ئەگەر بە نزیکەی زەوی بە هەڵە و تاوانەوە بێیت بۆ لام و ئەنجا پێمبگەیت و هیچ شتێکت نەکردبێت بە شەریکم ئەوا منیش بە نزیکەی زەوی بە لێخۆشبوونەوە دێم بۆ لات .

---

[٤٢] صحيح سنن الترمذي رقم : (٣٥٤٠) .

# سەرچاوەکان

* ئەو سەرچاوانەی کە من سوودم لـێبینین بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە زۆر گرنگ و بە نرخە بریتی بوون لە دوو جۆر :

**یەکەم** : ئەو کتێبانەی کە شەرحی سەرچاوەکانی فەرموودەن بە گشتی :

١ ـ فتح الباري شرح البخاري للحافظ ابن حجر العسقلاني .

٢ ـ شرح صحيح مسلم للنووي .

٣ ـ عون المعبود شرح سنن أبي داود لشمس الحق .

٤ ـ تُحفة الأحوذي شرح سنن الترمذي للمباركفوري .

**دووەم** : ئەو کتێبانەی کـە شـەرحی فـەرموودەکانی (چـل فەرموودەکـەی نەوەوی) دەکەن بە تایبەتی :

١ ـ جامع العُلوم والحِكَم في شرح خمسين حديثاً من جوامع الكلم للحافظ ابن رجب الحنبلي .

٢ ـ شرح الأربعين النووية للشيخ ابن العثيمين .

٣ ـ شرح متن الأربعين النووية للشيخ صالح بن عبد العزيز آل الشيخ .

٤ ـ فتح القوي المتين في شرح الأربعين وتتمة الخمسين للشيخ عبد المحسن العباد .

*** ئامۆژگاریەك** : وە لێرەدا ئامۆژگاری قوتابیانی عیلم دەكەم بەوەی كە هەموو ئەو كتێبانەی سەرەوە و هەروەها ئەمانەی خوارەوەش بە دەست بخەن :

١ ـ شرح الأربعين النووية في الأحاديث الصحيحة النبوية للنووي .

٢ ـ شرح الأربعين حديثا النووية لابن دقيق العيد .

٣ ـ التحفة الربانية في شرح الأربعين حديثا النووية لإسماعيل الأنصاري .

٤ ـ المنحة الربانية في شرح الأربعين النووية للشيخ صالح الفوزان .

٥ ـ قواعد وفوائد من الأربعين النووية بقلم ناظم محمد سلطان .

# ناوەڕۆك

١ ـ فەرموودەی یەكەم : كردەوەكان بە نیازەوە ئەنجامدەدرێن ...... ١١

٢ ـ فەرموودەی دووەم : ڕوونكردنەوەی ئیسلام و ئیمان و ئیحسان ... ١٢

٣ ـ فەرموودەی سێیەم : پایەكانی ئیسلام ......................... ١٧

٤ ـ فەرموودەی چوارەم : كردەوەكان بە پێی دوایینەكانیەتی ......... ١٨

٥ ـ فەرموودەی پێنجەم : پوچەڵكردنەوەی خراپەكان و بیدعەكان .... ٢٠

٦ ـ فەرموودەی شەشەم : حەڵاڵ ڕوونە و حەرامیش ڕوونە ............ ٢١

٧ ـ فەرموودەی حەوتەم : ئایین ئامۆژگاریيە .......................... ٢٣

٨ ـ فەرموودەی هەشتەم : حورمەتی موسڵمان ........................ ٢٤

٩ ـ فەرموودەی نـۆیەم : ئەرك خستنەسەر بە پێی توانا ............... ٢٥

١٠ ـ فەرموودەی دەیەم : خۆكورهەڵهێنان لەسەر حەڵاڵی پاك ........ ٢٦

١١ ـ فەرموودەی یانزەیەم : خۆپاراستن لە گومان لـێكراوەكان ...... ٢٨

١٢ ـ فەرموودەی دوانزەیەم : وازهێنان لـەوەی كـە پـەیوەنـدی بـە موسـڵمانەوە نیيە .. ٢٩

١٣ ـ فەرموودەی سیانزەیەم : کاملّبوونی ئیمان ...................... ٢٩

١٤ ـ فەرموودەی چواردەیەم : حورمەتی خوێنی موسڵمان و هۆکارەکانی لەدەستدانی .. ٣٠

١٥ ـ فەرموودەی پانزەیەم : چەند ڕەوشتێکی موسڵمانانە ............... ٣١

١٦ ـ فەرموودەی شانزەیەم : ڕێگرتن لە تووڕەیی ....................... ٣٢

١٧ ـ فەرموودەی حەڤدەیەم : فەرمان کردن بە چاکێتی سەربڕین و کوشتن .... ٣٣

١٨ ـ فەرموودەی هەژدەیەم : ڕەوشت جوانی ......................... ٣٤

١٩ ـ فەرموودەی نۆزدەیەم : سنورەکانی شەرعی خوا بپارێزە خواش تۆ دەپارێزێت ... ٣٥

٢٠ ـ فەرموودەی بیستەم : شەرم کردن بەشێکە لە ئیمان ............... ٣٨

٢١ ـ فەرموودەی بیست و یەکەم : بڵێ باوەڕم هێناوە بە خوا و پاشان دامەزراو ببە لەسەری ........................................ ٣٩

٢٢ ـ فەرموودەی بیست و دووەم : خۆکورتهەڵهێنان لەسەر فەرزەکان مرۆڤ دەباتە ناو بەهەشتەوە ......................................... ٤٠

٢٣ ـ فەرموودەی بیست و سێیەم : پەلەكردن لە خێر و چاكەدا ..... ٤١

٢٤ ـ فەرموودەی بیست و چوارەم : حەرام كردن و قەدەغەكردنی زوڵم و ستەم كردن .. ٤٢

٢٥ ـ فەرموودەی بیست و پێنجەم : پارە زۆردارەكان پاداشتەكانیان بردووە ... ٤٦

٢٦ ـ فەرموودەی بیست و شەشەم : فەزڵی چاكسازی و یەكخستنی نێوان خەڵك و هاوكاری كردنیان ........................................ ٤٨

٢٧ ـ فەرموودەی بیست و حەوتەم : چاكە بریتیە لە ڕەوشت جوانی . ٤٩

٢٨ ـ فەرموودەی بیست و هەشتەم : پێویستی پەیوەست بوون بە سوننەتەوە .. ٥١

٢٩ ـ فەرموودەی بیست و نۆیەم : ئەوەی كە مرۆڤ دەباتە بەهەشتەوە . ٥٣

٣٠ ـ فەرموودەی سی یەم : مافەكانی خوای گەورە ..................... ٥٧

٣١ ـ فەرموودەی سی و یەكەم : دونیانەویستی ڕاستەقینە ............ ٥٨

٣٢ ـ فەرموودەی سی و دووەم : زەرەر لە خۆدان و زەرەر بە خەڵك گەیاندن نیە ... ٥٩

٣٣ ـ فەرموودەی سی و سێیەم : بەڵگە هێنانەوە لەسەر داواکارە و سوێندخواردنیش لەسەر ئەوەی کە نکۆڵی دەکات ...................... ٦٠

٣٤ ـ فەرموودەی سی و چوارەم : ڕێگرتن لە خراپە بەشێکە لە ئیمان. ٦١

٣٥ ـ فەرموودەی سی و پێنجەم : برایەتی ئیسلام ...................... ٦٢

٣٦ ـ فەرموودەی سی و شەشەم : فەزڵی کۆبوونەوە لەسەر قورئان خوێندن و لەسەر زیکر کردن .................................................. ٦٤

٣٧ ـ فەرموودەی سی و حەوتەم : فەزڵ و ڕەحمەتی خوای گەورە ... ٦٦

٣٨ ـ فەرموودەی سی و هەشتەم : خواپەرستی هۆکاری لێنزیك بوونەوە و خۆشەویستی‌یە ............................................. ٦٨

٣٩ ـ فەرموودەی سی و نۆیەم : چاوپۆشی کردن لە هەڵەکار و لەبیرچوو و زۆرلێکراو .. ٧٠

٤٠ ـ فەرموودەی چلەم : دونیا ئامراز و کێڵگەی دواڕۆژە ................ ٧١

٤١ ـ فەرموودەی چل و یەکەم : نیشانەی ئیمان ........................ ٧٢

٤٢ ـ فەرموودەی چل و دووەم : فراوانێتی لێخۆشبوون و لێبووردنی خوای گەورە .. ٧٣

# فەزڵی لەبەرکردنی فەرموودەکانی پێغەبەر (ﷺ)

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعای کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە فەرموودەکانی لەبەردەکەن کە **خوا ڕوومەتیان درەوشاوە بکات** :

عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : ((نَضَّرَ اللَّهُ امْرَأً سَمِعَ مِنَّا حَدِيثاً فَحَفِظَهُ حَتَّى يُبَلِّغَهُ غَيْرَهُ ...))[١].

واتە : خوا ڕوومەتی ئەو کەسە درەوشاوە بکات کە فەرموودەیەکمان لێوە دەبیسێت و ئەنجا لەبەری دەکات تاوەکو دەیگەیەنێتە کەسێکی تر جگە لە خۆی .

وَعَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((نَضَّرَ اللَّهُ عَبْدَاً سَمِعَ مَقَالَتِي فَوَعَاهَا ثُمَّ بَلَّغَهَا عَنِّي ...))[٢].

واتە : خوا ڕوومەتی بەندەیەك درەوشاوە بکات کە فەرموودەکمانم دەبیسێت و لەبەری دەکات و ئەنجا لە منەوە دەیگەیەنێت ...

---

[١] صحيح أبي داود رقم : (٣٦٦٠) ، وصحيح سنن الترمذي رقم : (٢٦٥٦) .

[٢] صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٢٣٦) .

قَالَ سُفْيَان بْن عُيَيْنَةَ : (مَا مِنْ أَحَدٍ يَطْلُبُ الْحَدِيثَ إِلاَّ وَفِي وَجْهِهِ نَضْرَة)[٣].

**واتە: هیچ کەسێك نییە بەدوای فەرموودەدا بگەڕێت ئیللا ڕووگەشی و دروەشانەوە و خۆشی و شادی لە ڕوومەتیدا دەبێت .**

**چاوەڕوانی ئەم بەرهەمەش بن**

---

[٣] شرف أصحاب الحديث للخطيب البغدادي رقم : (٢٢) .

# باخچەی پیاوچاکان

## لە فەرموودەی سەروەری پێغەمبەران (ﷺ)

## (رِياضُ الصالـحين من حديث سيد الـمرسلين)

تأليف

الإمام : مُحيي الدين النووي

(٦٣١ ـ ٦٧٦ هـ)

**وەرگێڕانی**

محمد عبد الرحمن لطيف

**(ئەم کتێبە ووردە ووردە ئیشی تێدا دەکەم و إن شاء الله لـە سێ بەرگدا چاپ دەکرێت)**

خوێنەری بەڕێز :

ئەم کتێبە زۆر بەسوودەیش بخوێنەرەوە :

# ئەو حەق و مافانەی
# کە
# خواستراوی سروشتی مرۆڤن
# و
# شەریعەتی خوایش بەرقەراری کردوون

( **حُقُوقٌ** : دَعَتْ إِلَيهَا الْفِطْرَة وَقَرَّرْتْهَا الشَّرِيعَة )

**دانانی**

**پێشەوا و زانای گەورە و پایەدار**

الشيخ محمد بن صالح العُثيمين رحمهُ الله

**وەرگێڕانی**

**محمد عبد الرحمن لطيف**

**وتارخوێنی مزگەوتی (شێخ إبراهیم) / کەلار**

**خوێنەری بەڕێز :**

ئەم کتێبە :

# پشكێك لە

# میراتەکەی پێغەمبەر (ﷺ)

﴿پشکی یەکەم﴾

(نَصیبٌ من میراث النبي ﷺ)

(بەشێکە لە میراتەکەی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ) هەوڵ بە دەستی بخە و خۆتی لێ بێبەش مەکە ...

وە (بەشێکە لە هەناسەکانی پێغەمبەری ڕابەرمان ﷺ) هاوەڵێتی بکە و خۆتی لێ مەحروم مەکە :

ئەوە ئێوە و :

**ـ پشكێك لە میراتەکەی پێغەمبەر (ﷺ) .**

**ـ بەشێك لە هەناسەکانی پێغەمبەر (ﷺ) .**

ئامادەکردن و وەرگێڕانی

محمد عبد الرحمن لطيف